Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1104

# دابەشبونی شوێنجێی و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری دوکان بۆساڵی 2021 زاینی

**کامران طاهر سعید، شوان سعدی محد**

بەشی جوگرافیا، کۆلێژ پەروەردە، زانکۆ کۆیە، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| Received: | June, 2022 |
|---|---|
| Revised: | June, 2022 |
| Accepted: | July, 2022 |

**Keywords**

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان، توانستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، کاتی بەتاڵ، جێژوەرگرتن وئاسودەیی

**Corresponding Author**

Kameran.taher@koyauniversty.org
shwansaedy88@gmail.com

**پوختە:**

خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانیەکان وزیادبونی ژمارەی دانیشتوان دوانەیەکی لەیەکدا نەبڕاون بەجۆرێک لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان پێویستیەکانی دانیشتوانی شار بەخزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان زۆر دەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە بەهۆی پێشکەوتن و بەرەوپێشچونی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان هەریەک لە کەرتەکانی(ئابوری وکۆمەڵایەتی وشارستانی وکلتوری ورۆشنبیری)پێشدەکەون، زۆر جاریش هۆکارێکە گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شاردا دروست دەکات.

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شاری دوکان بەجۆرێکە جگە لەوەی خاوەن دانیشتوانی خۆیەتی، گرنگی گەشتیاریەکی وایکردووە کە ساڵانە هەزاران سەردانیکەر روو لەم شارە بکەن وپێداویستی ئەم گەشتیارانەش پێداویستیەکی کاتبەسەربردنی کورتە، بۆیە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ناوەندە خۆشگوزەرانییەکانە، پێویست دەکات کە لەکاتی دامەزراندنی ئەم ناوەندانە ژمارەی گەشتیار بەهەند وەربگیرێت، ئامانج لەم توێژینەوەیە شیکردنەوەیەکی جوگرافییە بۆدابەشبونی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەشاری دوکان وتوانستی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وهەڵسەنگاندنیان بەپێی هەریەک لە پێوەرە ناوخۆییەکان وپێوەرە کۆمەڵایەتییەکان وچۆنیەتی دابەشبونی ئەم خزمەتگوزاریانە لەشاری دوکان.

**پێشەکی:**

زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان وفراوانبوونی روبەری شارەکان لە رۆژگاری ئەمرۆماندا داواکاری لەسەرخزمەتگوزارییە گشتیەکان وبەتایبەتیش خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان زیادیکردووە چونکە بەشێکی گرنگی ژیانی هاولآتیان پێکدێنن لەلایەکی تریش جەنجاڵی وپاڵەپەستۆی دەرونی لەسەر دانیشتوانی شارەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر هێزوتواناوباری دەرونی دانیشتوان دروستکردووە بۆ بەدەست هێنانی ئاسودەیی وحەوانەوەوئارامکردنەوەی باری دەرونی وچێژبینین لەجوانیەکان ئەم ناوەندە خۆشگوزەرانیانە بونەتە پێویستیەکی سەرەکی بۆ دانیشتوانی شارەکان، شاری دوکان وەک هەریەک لەشارەکانی تر پێویستی بەتوێژینەوە هەیە لەسەر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان خاوەن چەندین ناوەندی خۆشگوزەرانییە لەهەمان کاتیش پێویستی بەچەندین ناوەندی خۆشگوزەرانی ترهەیە ئەمە لەکاتێکدایە کەناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگە کە پێویستی بەناوەندە خۆشگوزەرانییەکان زیاترە.

**گرنگی توێژینەوەکە** خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان جگە لەوەی هۆکارێکە بۆ ئارام کردنەوەی دەرونی تاکەکان لەگەڵ ئەمەشدا بۆ بەهێزکردنی توانا عەقلی و جەستەییەکانی هاولاتیان گرنگە.

**گرفتی توێژینەوەکە** لەوەدایە کەمی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیەکان لەشارەکان وایکردووە کە گەنجان روبەروی چەندین لادان و کات بەفیرۆدان و مندالانیش سەرقالی یاری کردن بن لە ناو کۆلانەکان بێ ئەوەی سود لە کاتەکانیان وەر بگرن ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆری هاولاتیان بە هۆی کەمی ناوچەکانی خۆشگوزەرانی و بەندبونیان لە مالەکانیان توشی چەندین نەخۆشی دەرونی بوون


**گریمانەی توێژینەوەکە** بۆئەوەی ئەنجامێکی پێشوەختەمان دەست بکەوێت چەند گریمانەیەکمان هەیە بۆ بابەتەکە(خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان دەبێتە هۆی کەمبونەوەی کێشە کۆمەلایەتییەکان و لادان و نەخۆشی دەروونییەکان جگە لەوەی توانای عەقلی و جەستەیی هاولاتیان بەهێز دەکات، رێژەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان هاوتەریب نین لەگەڵ زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان).

**میتۆدی توێژینەوەکە** لەهەر توێژینەوەیەکی زانستی زیاد لە میتۆدێک بەکاردێت بۆ گەیشتن بەئەنجام لەم توێژینەوەیە پشتمان بەستوە بە هەریەک لە میتۆدەکانی(بەراوردکاری ، شیکاری ، رەخنەیی).

**پلانی توێژینەوەکە** بۆگەیشتنت بەئامانجی توێژینەوەکە پلانەکەمان دابەشکردووە بەسەر دوو باسدا لە باسی یەکەم باس لەجۆرەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی وچۆنیەتی دابەشبونیان وتوانستەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەناوچەی لێکۆڵینەوە دراوە ولەباسی دووەمدا پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە باس دەکەین، هەر باسێکیش دابەش دەبێت بەسەر چەند تەوەرێک.

**سنوری توێژینەوەکە** شوێن دەژمێردرێت بە یەکێک لە گرنگترین توانستە سروشتیەکان کە کاریگەری هەیە لەسەر شێوەوتایبەتمەندی وچەندێتی لە خزمەتگوزارییەکان بەگشتی، شوێنی جوگرافی چۆن گرنگی و کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی ئابوری و مێژویی بەهەمان شێوەش کاریگەری هەیە لەسەر ژمارەو جۆرو بنیاتنانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەشارەکان، لەکاتی باسکردنی گرنگی شوێن لەهەر ناوچەیەک دوو چەمک لەخۆ دەگرێت ئەوانیش شوێنی ئەسترۆنۆمی کەمەبەست لێی شوێن بەپێی هێڵی درێژی وبازنەکانی پانیە(الجنابي، 1987: 38)، سەبارەت بەشوێنی ئەسترۆنۆمی شاری دوکان دەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی (=30 -56 ه44 )و( =50 -00 545)ی ڕۆژهەڵات وبازنەی پانی( =56 -57 535 )و (=21 - 52 535 )ی باکو، نەخشەی (1).

**نەخشەی (1)ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی عێراق و هەرێمی کوردستان وقەزای دوکان**



سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:

١-داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی gis، ٢٠٢١.

2-خليل اسماعيل محمد، اقليم كردستان عيراق(دراسات في تكوين للسكان)، مطبعه اوفيست كريستال، اربيل، ص١٤.

شاری دوکان بەناحیەی سەنتەری قەزای دوکان دەژمێردرێت کە یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای پارێزگاکە، لەهەمان کاتیش هاوسنورە لەگەڵ سێ قەزای تر ئەوانیش قەزای رانییە کەدەکەوێتە بەشی باکوری قەزای دوکان، قەزای کۆیە بەشی باکوری خۆرئاوای پێکهێناوە، قەزای پشدەر لەباکوری خۆرهەڵات دابەشبونی شوێنجێی دیاردەکان و ناساندنی جۆرەکانی هەردیاردەیەکی جوگرافی بەتەوەرێکی سەرەکی وجێی بایەخ دادەنرێت لەزانستی جوگرافی ئەمە لەلایەک لەلایەکی تریش هەڵسەنگاندنی توانستی دیاردەکان بەپێوەری زانستی توانای دیاردەکان دەردەخات بۆپڕکردنەوەی پێداویستیەکانی دانیشتوان لێرەدا باسی هەریەک لەدابەشبونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنیان دەکەین.

## باسی یەکەم/جۆرەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی وچۆنیەتی دابەشبونیان وتوانستەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەناوچەی لێکۆڵینەوە

دابەشبونی دیاردە جوگرافییەکان دادەنرێت بەکرۆکی لێکۆڵینەوە جوگرافییەکان ئەمیش هۆکارێکە بۆ بەراوردکردنی دیاردەکان بەسەر ناوچەکانی نیشتەجێبونی دانیشتوان شاردا، لێرەدا مەبەستمان لە دابەشبونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بریتیە لە رێکخستنی شوێنی ودابەشبونی ناوندە خۆشگوزەرانییەکان بەشێوەیەکی گونجاو لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی شاری دوکان وڕونکردنەوەی توانای خزمەتکردنی ئەم ناوەندانە لە پڕکردنەوەی پێداویستی دانیشتوان ناساندنی جۆرەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، خشتەی(1)ونەخشەی(2).

**خشتەی (1)ناوی گەڕەک وڕوبەرو ژمارەو چڕی دانیشتوانی گەڕەکەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەساڵی(2021)**

| ژمارە | ناوی گەڕەک | روبەری گەڕەک/ هێکتار | ژمارەی دانیشتوان | چڕی دانیشتوان کەس/هێکتار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشتی | 53.5 | 1050 | 1.9 |
| 2 | شۆڕش | 15.7 | 725 | 4.6 |
| 3 | سارا | 49.8 | 1150 | 2.3 |
| 4 | شۆڕشی نوێ | 38.2 | 475 | 1.2 |
| 5 | بانوان | 27.1 | 1250 | 4.6 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6 | چەوەسپی یەک | 28 | 970 | 3.6 |
| 7 | تەنگی نسی | 13.3 | 624 | 4.6 |
| 8 | شارەتوو | 16.5 | 500 | 3 |
| 9 | کانی بەهار | 6.3 | 725 | 11.5 |
| 10 | چەوەسپی دوو | 18.7 | 931 | 4.9 |
| 11 | بەخشندە | 38.4 | 919 | 2.3 |
| 12 | فەرمانبەران | 34 | 875 | 2.5 |
| 13 | تاڤگە | 9.7 | 575 | 5.9 |
| 14 | میرسی | 12.2 | 550 | 4.5 |
| 15 | قەمچوغە | 56.8 | 1900 | 3.3 |
| 16 | سەرچەم | 52.3 | 1630 | 3.1 |
| **کۆی گشتی** | | 470.8 | 16474 | 3.4 |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشتبەست بە:

1- داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، بەڕێوبەرایەتی شارەوانی دوکان، 2021.

-سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕیوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری ئاماری دانیشتوانی پارێزگای سلیمانی ساڵی(2019)پێش بینی گەشەی دانیشتوان بۆ ساڵی(2021)، بڵاونەکراوە.

فراوانترین گەرەک لەڕوی ڕوبەرەوە گەرەکی(قەمچوغەیە)کە ڕوبەرەکەی (56.8هێکتارە) وژمارەی دانیشتوانی(1900)کەسە، بچوکترین گەرەک (گەرەکی کانی بەهارە)کە ڕوبەرەکەی(6.3هێکتارە)ژمارەی دانیشتوانی(725)کەسە.

لێرەدا بەم شێوەیە باسی جۆرەکان خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی چۆنیەتی دابەشبونیان دەکەین:

**یەکەم/چایخانەوگازینۆوقاوەخانەکان:** سەرجەم ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەچای وقاوەو کاپوچینۆوسەرجەم خواردنەوەکانی تر جگە لەخواردنەوە کحولییەکان پێشکەش بە سەردانیکەران دەکەن وەهەندێک جار لەم ناوچە خۆشگوزەرانیانە هەندێک یاری میللی تیا ئەنجام دەدرێت وەک(دۆمینەو شەترەنج ودامەو تاولە) (الحلفی، 2014: 66). لێرەدا بەم شێوەیە باسی چایخانەو قاوەخانەو گازینۆکان دەکەین لەناوچەی لێکۆڵینەوە خشتەی(2) ونەخشەی(3):

1- چایخانە قاوەخانەکان دەکەونە سەرڕێگای سەرەکی کە بەناو بازاڕی گشتی شارەکە تێپەڕدەبێت ئەم ناوچانە بونەتە هۆکارێک بۆ کۆبونەوەی دانیشتوان و سەردانیکەران بەسەرجەم تەمەن ودەستە جیاوازەکان، تایبەتە بە چایخانەو قاوەخانەکان لەناوچەی لەناوچەی لێکۆڵینەوە، ژمارەی چایخانە وقاوەخانەکان لەشاری دوکان دەگاتە(9)چایخانەو قاوەخانە کەسەرجەمیان دەکەونە سەرڕێگای(سلێمانی/دوکان) وگەرەکی سەرچەم، چایخانەکان هەڵدەستن بەئامادەکردنی ژەمە خواردنی بەیانیان وەک(قەیماغ وماست وهێلکەورۆن وکەرەو هەنگوین وگوێز)کەسەرجەمیان بەرهەمی خۆماڵین لەگەڵ کولێرەو چایی گەرم پێشکەشی سەردانیەکەران دەکەن، ئەم ناوەندانە لەڕوی ڕوبەرەوە جیاوازن بەشی زۆریان ڕوبەریان لە نێوان(12بۆ32م$^2$)، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە کۆمەڵێک چایخانەی گەڕۆک لە شارەکە هەن لە شەوان چای پێشکەش بەهاوڵاتیان دەکەن.

2-گازینۆکان:بەناوچەیەکی گرنگی خۆشگوزەرانی دادەنرێت بەتایبەت بۆ گەنج چونکە زۆربەی ئەوانەی کەسەردانی گازینۆکان دەکەن گەنجن کەدوای ئەنجام دانی ئەرکی ڕۆژانەیان لەکارکردن بۆپرکردنەوەی کاتەبەتاڵەکانیان، ئەوەی پێشکەش بە سەردانیکەران دەکرێت بریتیە لە چایی وقاوەو نێرگەلە لەگەڵ ئەنجامدانی هەندێک یاری وەک (دۆمینەو شەترەنج)، ژمارەی گازینۆکان لە ناوچەی لێکۆڵۆڵینەوەدەگاتە(6)گازینۆ، ئەم خزمەتگوزاریانە بەشێوەیەکی نارێک بڵاوبونەوە کە هەریەکە لە(فۆریو، لاکدۆن، پاشاکوێرەو نایس کافێ)دەکەونە سەر ڕێگای سەررەکی سارتکە، کافتریای(شارەکەم) دەکەوێتە گەرەکی سەچەم، کافتریای(بانوان)دەکەوێتە گەرەکی بانوان، ئەوانەی سەردانی ئەم ناوەندانە دەکەن جگە لەدانیشتوانی شارەکە بەشێکی زۆر لەسەردانیکەران لەشارەکانی تری باشوروناوەڕاستی عێراق لە عەرەبن سەردانی ئەم ناوەندانە دەکەن، هەریەک لەگازینۆی(شارەکەم)ڕوبەری زەویەکەی زیاترە لەوانی تر کە ڕوبەری دەگاتە(250م$^2$)، کەواتە کۆی ژمارەی چایخانەوقاوەخانەوگازینۆکان(15)ناوەندی خۆشگوزەرانییە کە ڕوبەری سەرجەمییان دەگاتە(1309م$^2$)کە دەگاتە (0.005%)ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**خشتەی (2)دابەشبونی جوگرافی چایخانەوقاوەخانەوگازینۆکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی(2021)**

| جۆری خزمەتگوزاری | ژ | شوێن | ناوی چایخانەو قاوەخانەوگازینۆکان | ڕوبەر م$^2$ |
|---|---|---|---|---|
| چایخانەوقاوەخانەکان | 1 | سەرچەم | حەمە شوان | 28 |
| | 2 | سەرچەم | زهراء | 18 |
| | 3 | سەرچەم | دوکان | 12 |
| | 4 | سەرچەم | وەستا قادر1 | 18.5 |
| | 5 | سەرچەم | مامە هیوا | 24 |
| | 6 | سەرچەم | دووبرا | 26 |
| | 7 | سەرچەم | وەستا قادر2 | 12 |
| | 8 | سەرچەم | بەندا | 15 |
| | 9 | سەرچەم | برایم | 32 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| گەرمیان | 10 | بانوان | بانوان | 200 |
| | 12 | سارتکە | فۆریو | 100 |
| | 13 | سەرچەم | لاکدۆن | 200 |
| | 14 | سەرچەم | پاشاکوێرە | 88 |
| | 15 | سەرچەم | نایس کافێ | 120 |
| | 16 | سەرچەم | شارەکەم | 250 |
| **کۆی گشتی** | 16 | | 1309 | |

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی تەندروستی دوکان، بەشی مۆڵەت، 2021، بڵاونەکراوە.

2-سەردانی مەیدانی توێژەر(2021/11/22).

**دووەم/باخچەکان وپارک وشاری یاری:** دادەنرێن بەیەکێک لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەشاردا بەناوچەیەکی گرنگ دادەنرێت کە سەرنجی سەردانیکەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت کەوا دەکات دانیشتوان بتوانن کاتە بەتاڵەکانیان لەم ناوچانە بەسەر ببەن بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە لەدوای کارکردن یان لەکاتی پشوەکان کە سەردانیکەر دەتوانێت لەم ناوچانە پشو بدات وسیمایەکی جوان دەدات بەشار لەلایەکی تریش هۆکارێکە بۆخۆشکردنی ئاووهەوای شارەکان پارێزگاری کردنی شارەکان لە پیسبون وناوەندێکن بۆ کۆبونەوەی دانیشتوان نزیک بونەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە.(الزهيري، 2006: 73)، باخچەکان ژمارەیان (6)باخچەیە، خشتەی(3) ونەخشەی(4) کە تایبەتە بە شوێن وروبەری باخچەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

**خشتەی (3)شوێن وروبەری باخچەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی(2021)**

| ژ | گەڕەک | باخچەکان | ڕووبەرم$^2$ |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرچەم | باخچەی هێمن | 5250 |
| 2 | سەرچەم | باخچەی گشتی دوکان | 7500 |
| 3 | ئاشتی | باخچەی دوکانی سەرەوە | 500 |
| 4 | فەرمانبەران | باخچەی شەهیدان | 6250 |
| 5 | شارەتو | باخچەی پێشمەرگە | 750 |
| 6 | بانوان | باخچەی بانوان | 1850 |
| **کۆی گشتی** | | 6 | 22100 |

سەرجاوە کاری توێژەر پشتبەست بە:

1-داتاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشت وگوزار، بەڕیوبەرایەتی شارەوانی دوکان، بەشی باخچەکان، بڵاونەکراوە، 2021.

2-سەردانی مەیدانی توێژەر.

ڕوبەری سەرجەمی باخچەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە(22100م$^2$)کە دەگاتە (0.08%)کۆی ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەکاتێکدا هەردوو باخچەی(هێمن، باخجەی گشتی دوکان)لەسنوری گەڕەکی سەرچەمن کە ڕوبەری باخچەی هێمن دەگاتە(5250م$^2$)وباخچەی گشتی دوکان ڕوبەری دەگاتە(7500م$^2$)، و(باخچەی دوکانی سەروە) دەکەوێتە گەڕەکی ئاشتی کە ڕوبەرەکەی(500م$^2$)، باخچەی(شەهیدان) کەروبەری(6250م$^2$) دەکەوێتە سنوری گەڕەکی فەرمانبەران وباخچەی (پێشمەرگە) ڕوبەری(750م$^2$) لەگەڕەکی شارەتووە، باخچەی (بانوان) لەگەڕەکی بانوان ڕوبەری(1850م$^2$).

هەرچی تایبەتە بە شاری یاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هیچ شاری یاری لە شارە بەدیناکرێت کە جێگای باسکردن  بێت جگە لە بونی هەندێک کەل وپەلی کلاسیکی یاریکردنی منداڵان لەباخچەی گشتی دوکان کە پێک هاتون لە ژمارەیەکی کەمی جۆلانەو خلیسکانە.

سەبارەت بە پارکەکان کە ڕوبەرێکی گەورە لە زەوی شارەکان پێک دێنن وناوچەیەکی کراوەی ڕوبەر فراوانە کە بەشێوازێکی ئەندازەیی پێشکەوتوو بونیات نراوە کەهاوڵاتیان کاتێک سەردانی دەکەن هەست بەئاسودەیی ئارامی دەکات کە خاوەنی ژینگەیەکی پاک وهێمنە وە زەوییەکەی دابەشکراوە بەشێوازێکی ڕێکخراو بەسەر (ناوچەی سەوزایی کراوە، باخچەی ئاژەڵان، ناوچەی یاری منداڵان وگەورەکان) ئەمە لەکاتێکدایە پارکەکان زیاتر دەکەونە دەوروبەری شارەکان.(الحديثي، 1983: 77)، بەڵام ناوچەی لێکۆڵینەوە هیچ پارکێک بەدیناکرێت سەرەڕای گونجاوی ئاووهەواو دەوڵەمەندی بەسەرچاوەکانی  ئاوو بونی بەرزونزمییەکی گونجاو بۆ دروست کردنی پارک.

**سێیەم/چێشتخانەکان وشوێنەکانی ماسی برژاندن:** دوای شوێنی حەوانەوە ئەوەی کە گەشتیار وسەردانیکەر بەدوایدا دەگەڕێت بۆئەوەی پێداویستیەکانی لەخواردن وخواردنەوە دابین بکات بریتیە لە چێشتخانە وشوێنەکانی ئامادەکردنی خواردن، ئەم ناوەندە خۆشگوزەرانیانەش ئاستی خواردن وجۆراوجۆری خواردن ونرخ ودابینکردنی خزمەتگوزاری تایبەت بەسەردانیکەر ڕۆڵدەبینن لە لەژمارەی سەردانی کەران وسەردانی کردنی ئەم ناوەندانە زیاتر لەجارێک(سليم، 2021 :92).لێرەدا بەجیا باسی هەریەکە لە چێشتخانەکان وناوچەکانی برژاندنی ماسی دەکەین بەم شێوەیە ، نەخشەی(5):

**1-چێشتخانەکان:** دادەنرێن بەسەنتەری چالاکی خۆشگوزەرانی لە ژیانی کۆمەڵگەی ئەم سەردەمەدا کەبۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش وبەدەستهێنانی پێویستی بۆ خواردن وخواردنەوە سەردانیکەر ڕوی تێدەکەن، شوێنی جوگرافی بەیەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت کەڕۆڵی گەورەی هەیە لە ژمارەو چۆنیەتی دابەشبونی چێشتخانەکان لەکاتێکدا شوێنی جوگرافی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕاکێشانی گەشتیار هەیە بۆ ناوچەکە(الخيكاني، 2020 :91).

ناوچەی لێکۆڵینەوە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە ڕوی شوێنی جوگرافیەوە بۆیە هەر لەسەرەتای بوون بەقەزا بیرلەدروستکردنی چێشتخانە کرایەوە، لەناوچەی لێکۆڵینەوە(6)چێشتخانەی مۆڵەت پێدراوی فەرمی هەیە کەبەشێوەیەکی نایەکسان دابەش بوون لەخشتەی(4)ئاماژەمان پێداون، بەم شێویە باسی چێشتخانەکان دەکەین لە شاری دوکان:

**خشتەی (4)دابەشبوونی جوگرافی چێشتخانەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(2021)**

| ژ | گەڕەک | چێشتخانەکان | ڕووبەر م$^2$ | ژمارەی کرێکار |
|---|---|---|---|---|
| 1 | فەرمانبەران | کۆسرەتی نوێ | 600 | 25 |
| 2 | فەرمانبەران | میرسێ | 1000 | 35 |
| 3 | ڕێگای گشتی | خاڵە هیوا | 450 | 15 |
| 4 | قەمچوغە | سارا خاتون | 480 | 10 |
| 5 | قەمچوغە | سەرچەم | 850 | 12 |
| 6 | ڕێگای سارتکە | ژێنواری کوردەواری | 750 | 13 |
| **تێکرا** | | 6 | 4130 | 110 |

سەرچاوە کاری توێژەرپشت بەست بە:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گەشتوگوزار، بەڕیوبەرایەتی گەشت وگوزاری دوکان، بڵاونەکراوە، 2021.

2-کاری مەیدانی توێژەر.

**آ-چێشتخانەی کۆسرەتی نوێ:**لەڕوی مێژویەوە بەکۆنترین چێشتخانە دادەنرێت لەسەر ئاستی شارەکە بەتایبەتی ولەسەرئاستی قەزاکە بەگشتی کەمێژوی دروستبونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1987ز لەئێستادا ڕوبەری ئەم چێشتخانەیە (600م$^2$)ە وەهەڵکەوتەی شوێنەکەی دەکەوێتە سەرلێواری ڕوباری زێی بچوک لەبەشی ڕۆژئاوای لەسەر ڕێگای سەرەکی دوکان/سلێمانی ولەگەڕەکی فەرمانبەران، ژمارەی کارمەندەکانی بەتێکڕایی دەگاتە(25)کارمەند (سعید: 2021/11/1).

**ب-چێشتخانەی میرسێ*:**مێژوی دروست بەنی ئەم چێشتخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1994ز لەخۆشترین شوێنی شارەکە کەراستەوخۆ لەسەر ڕوباری دوکان ونزیک لەپردی دوکان لەسەررێگای سەرەکی دوکان/سلێمانی دروستکراوە وەکەوێتە سنوری گەڕەکی فەرمانبەران، ڕوبەرت چێشتخانەکە دەگاتە نزیکەی(1000م$^2$) وە ژمارەی کارمەندەکانی بەتێکڕایی دەگاتە(35)کارمەند(حسن: 2021/11/1).

**ج-چێشتخانەی خاڵە هیوا:**ئەم چێشتخانەیە لە ساڵی 2018ز لەسەر ڕوباری زێی بچوک لەبەرامبەر چێشتخانەی مرسێ دامەزرا کە پردی دوکان لێکیان جیادەکاتەوە، ئەم چێشتخانەیە ڕاستەوخۆ لکاوە بەزێی دوکان وسروشتێکی دڵرفێنی هەیە کە ڕوبەرەکەی دەگاتە(450م$^2$)، ژمارەی کارمەندەکانی بەتێکڕایی دەگاتە(15)کارمەند، لەکاتێکدا ئەم چێشتخانەیە لەجوارچێوەی هیچ گەرەکێکدا نییە(ئیسماعیل: 2021/11/3).

**د-چێشتخانەی ساراخاتون:**مێژوی دامەزراندنی ئەم چێشتخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(2009)ز لەسەر ڕوبەری(480م$^2$)، دەکەوێتە سنوری گەڕەکی قەمچوغە لەسەر ڕێگای سەرەکی دوکان/سلێمانی وباشوری دامێنی چیای سارا، ژمارەی کارمەندەکانی بەتێکڕایی دەگاتە(10)کارمەند(ئیسماعیل: 2021/11/4).

**هـ-چێشتخانەی سەرچەم:**دەکەوێتە باشوری دامێنی چیای سارا وسەررێگای سەرەکی دوکان/سلیمانی، ساڵی دروستکردنی دەگەرێتەوە بۆساڵی(2014)ز لەسەر ڕوبەری(850م$^2$) ژمارەی کارمەندانی ئەم چێشتخانەیە بەتێکڕایی دەگاتە(12)کارمەند(عمر: 2021/11/4).

**و-چێشتخانەی ژێنواری کوردەواری:**چێشتخانەیەکی تایبەتی خوارنی کوردییە کەدەکەوێتە ناوەندی هەوارگەو کەپرەکان لە سەرڕێگای سارتکە بەڕوبەری(750م$^2$) لەساڵی 2016ز دروستکراوە، ژمارەی کارمەندەکانی بەتێکڕایی دەگاتە(13)کارمەند(ئەحمد:2021/11/5).

لەکۆتایدا سەرجەم چێشتخانەکان دەکەونە سەرڕێگای سەرەکی دوکان/سلێمانی کەبەناوچەیەکی گرنگی خۆشگوزەرانی دادەنرێت کەسەرجەمی چێشتخانەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە(6)چێشتخانەیە وروبەری سەرجەمیان دەگاتە(4130م$^2$)، سەرەڕای ئەوەی ئەم چێشتخانانە بە ناوەندێکی خۆشگوزەرانی دادەنرێن لەهەمانکاتیش بونەتە هۆکارێک بۆ دابین کردنی هەلی کار بۆ ژمارەیەکی زۆر لەهاوڵاتیانی ناوچەکەو دەوروبەری شارەکە کە بەتێکڕایی نزیکەی(110)کارمەند کار لەم چێشتخانانەدا دەکەن ئەوەش دەگۆێت بەپێی وەرزەکان.

**2-شوێنی ماسی برژاندن:**بونی دەریاچەی دوکان وروباری زێی بچوک لەناوچەکە وایکردووە کە ئەم ناوچەیە بناسرێت بەناوچەیەکی بەناوبانگ و دەوڵەمەند بەسامانی ماسی بەتایبەتی لەوەرزی ڕێگەپێدراوی ڕاوکردنی ماسی، لەگەڵ ئەمەش ژمارەیەکی زۆر لە دوکانی ئامادەکردن وبرژاندنی ماسی هەیە، خشتەی (5) ونەخشەی (5)، ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی(15)شوێنی برژاندنی ماسیە، کەڕوبەری سەرجەم شوێنەکانی ماسی برژاندن دەگاتە(489م$^2$)، لێرەدا دەتوانین بڵێین ناوچەکانی ماسی برژاندن بەشێکن لەچێشتخانەکان بۆیە ڕوبەری سەرجەمیان دەگاتە(4691م$^2$) کەدەکاتە(0.017%)ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**چوارەم/خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییە وەرزشییەکان:** سەرجەم ئەوناوچانە دەگرێتەوە کە تایبەتن بەگەنجان ویەکەیەکی دانپێدانراوی فەرمی حکومەتن کەلەکاتی بونی کاتی بەتاڵ یان دوای ئەنجامدانی ئەرکی ڕۆژانە گەنجان لەم شوێنانەدا کاتەکانیان بەسەردەبەن، یان سەرجەم ئەو ناوەندانە دەگرێتەوە کە هۆکارێکن بۆ ڕاکێشانی گەنجان وئەنجامدانی جالاکیە وەرزشییەکان وبەسەربردنی کاتێک کەگەنجان چێژی

**خشتەی (5)دابەشبونی جوگرافی شوێنەکانی برژاندنی ماسی لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(2021)**

| ژ | گەڕەک | شوێنەکانی برژاندنی ماسی | ڕوبەر م$^2$ | ژ | گەڕەک | شوێنەکانی برژاندنی ماسی | ڕوبەر م$^2$ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | سارتکە | وەستا جەبار | 12 | 9 | سەرچەم | تەلان | 150 |

*ناوی میرسێ لەتەنگی نسێ وەرگیراوە ئەم تەنگە دەکەوێتە باشوری چیای سارا کە بەدرێژایی ساڵ ئەم تەنگە سێبەرە ئەمیش وادەکات کەمترین تیشکی خۆری بەریکەوێت بۆیە ناونراوە بە نسێ، بەڵام دواتر ئەم ناوە دەستکاری کراوە گۆڕاوە بە میرسێ کە ناوی ئەم چێشتخانیەیە لەئێستادا.

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 2 | سارتکە | وەستا ڕەنجە | 16 | 10 | سەرچەم | شێرکۆ | 30 |
| 3 | سارتکە | جێگر | 9 | 11 | سەرچەم | هاوڕێ | 9 |
| 4 | سارتکە | لاهۆ | 20 | 12 | سەرچەم | سەنگەر | 16 |
| 5 | سارتکە | سادات | 40 | 13 | سەرچەم | سەرچەم | 18 |
| 6 | فەرمانبەران | دارۆ | 9 | 14 | بانوان | بانوان | 35 |
| 7 | فەرمانبەران | میرسێ | 15 | 15 | ئاشتی | دەریاچەی دوکان | 70 |
| 8 | ڕێگای سەرەکی دوکان/سلێمانی | خاڵە هیوا | 40 | تێکرا | | 15 | 489م$^2$ |

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:

1-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گەشتوگوزار، بەڕێوبەرایەتی گەشت وگوزاری دوکان، بڵاونەکراوە، 2021.

2-کاری مەیدانی توێژەر.

لێوەربگرن(السلطانی، 2005: 115)، خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییە وەرزشییەکان دابەش دەبن بەسەر ئەمانەی خوارەوە نەخشەی(6):

**1-یاریگای وەرزشی تۆپی پێ:**یاری تۆپی پێ وەرزشێکی بەربڵاوە لەزۆربەی کۆمەڵگاکان وەگەنجان زیاتر ئارەزوی دەکەن، لەناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی یاریگا وەرزشییەکان دەگاتە(7)یاریگا، خشتەی(6)، لەناویاندا(یاریگای گەورەی دوکان) هەیە کە یاریگایەکی میللی گەورەیە ڕووبەری دەگاتە(7980م$^2$) دەکەوێتە سنوری گەرەکی سەرچەم لەسەر ڕێگای سەرەکی دوکان/سلێمانی کە دەتوانریت (24)یاریزان یاری تیدا بکات، یاریگاکانی تر لەجۆری یاریگای(تاتان)کەڕوبەریان بچوکە تەنها(12)یاریزان دەتوانێت یاری تیدا بکات کە ژمارەیان(6)یاریگایە، ڕوبەری هەریەک لەم یاریگایانە دەگاتە نزیکەی(1080م$^2$) کە خزمەتگوزاری وەک کارەباو ڕۆشنکەرەوەیان بۆ دابینکراوە، وەرووبەری سەرچەم یاریگا وەرزشییەکان دەگاتە(14460م$^2$)کەدەگاتە(0.05%)ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**خشتەی (6)یاریگای وەرزشی تۆپی پێ لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(2021)**

| ژ | گەڕەک | یاریگای وەرزشی | ڕووبەرم$^2$ |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرچەم | یاریگای گەورەی دوکان | 7980 |
| 2 | فەرمانبەران | یاریگای صناعە | 1080 |
| 3 | بانوان | یاریگای شۆڕش | 1080 |
| 4 | بانوان | یاریگای بانوان | 1080 |
| 5 | سارا | یاریگای فەوجەکە | 1080 |
| 6 | ئاشتی | یاریگای دوکانی سەرەوە | 1080 |
| 7 | قەمچوغە | یاریگای قەمچوغە | 1080 |
| **تێکرا** | | 7 | 14460م$^2$ |

سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:

1-(حمەلاو: 2021/11/5)

2-کاری مەیدانی توێژەر.

**2-هۆڵەکانی لەشجوانی:**بەدووەم ناوەندی وەرزشی دادەنرێت لە ناوچەی لێکۆڵینەوە کە گەنجان سەردانی دەکەن وکاتەکانیان لەم ناوەندانە بەسەردەبەن وچالاکیەکانیانی تێدا ئەنجام دەدەن، لەناوچەی لێکۆڵینەوە(2)هۆڵی لەشجوانی هەیە، خشتەی(7)، یەکەمیان هۆڵی لەشجوانی(هەڤاڵ کەریم)ە کەڕوبەرەکەی دەگاتە(200م$^2$)دەکەوێتە گەڕەکی بانوان کەهەردوو ڕەگەز دەتوانن سەردانی بکەن، دووەمیان هۆڵی لەشجوانی دوکانە کەدەکەوێتە گەرەکی سەرچەم وروبەری(320م$^2$) ئەم هۆڵە تەنها تایبەتە بەڕەگەزی نێرلە گەنجان، کەواتە ناوەندە وەرزشیەکان بەگرنگترین جۆری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دادەنرێت کەتایبەتن بەگەنجان کە بتوانن کاتە بەتاڵەکانیان لەم ناوەندانە بەسەرببەن وتواناکانیان برەو پێبدەن، ڕوبەری گشتی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییە وەرزشییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە(14980م$^2$)کە دەگاتە(0.05%)کۆی ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

**خشتەی (7)دابەش بونی جوگرافی هۆڵەکانی لەشجوانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(2021)**

| ژ | گەڕەک | هۆڵی لەشجوانی | ڕووبەرم$^2$ |
|---|---|---|---|
| 1 | بانوان | هەڤاڵ کەریم | 200 |
| 2 | سەرچەم | دوکان | 320 |
| **تێکرا** | | 2 | 520 |

کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی تەندروستی دوکان، بەشی ڕێگەپێدان، بڵاونەکراوە، 2021.

**پێنجەم/خزمەتگوزاری ڕۆشنبیری وشوێنەوارەکان(کتێبخانە، هۆڵی بۆنەکان، شوێنەوارە مێژوییەکان):** بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان فاکتەرێکی گرنگ بوون بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وپێشکەوتنی مرۆڤایەتی، دامەزراوە ڕۆشنبیریەکان هەریەک لە(کتێبخانەو هۆڵی بۆنەکان وشوێنەوارەکان)دەگرێتەوە لەهەر کۆمەڵگەیەک تایبەتمەندی خۆیان هەبووە، هەرچەندە ئەمرۆ کۆمەڵگا خاوەن کۆمەڵێک دامەزراوەی جۆراوجۆری ڕۆشنبیرییە بەڵام ڕەنگە لەداهاتودا چەندانی تر لەدایک ببن، ئەمە لەکاتێکدا ئەم ناوەندانە بەیەکێک لەخزمەتگوزارییە گرنەکان دادەنرێت کە چەندین

چالاکی خۆشگوزەرانی تێدا ئەنجام دەدرێت(مستەفا، 2016: 99).بەم شێوەیەی خوارەو باسی هەریەک لە خزمەتگوزاری ڕۆشنبیریەکان دەکەین نەخشەی(7):

**1-کتێبخانەکان:**ئەوناوەندە ڕۆشنبیریانە دەگرێتەوە کە خزمەتگوزاری تیایدا بەخۆراییە هەموو دانیشتوان بێ جیاوازی دەتوانن سودی لێوەربگرن، ئەم خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییە هۆکارێکی گرنگە کە وادەکات کۆمەڵگە بەرەو شارستانیەت وپێشکەوتن بچێت، بەیەکێک لەخزمەتگوازرییە گرنگەکان دادەنرێت لەشارەکان(یاسین، 2014: 238).

سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە(1)کتێبخانە هەیە ئەویش (کتێبخانەی گشتی دوکان)ە، مێژوی دروست بوونی ئەم کتێبخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(2007)ز لەسەر ڕوبەری(1250م$^2$) کەبیناکە بەشیوەیەکی ئەندازیاری دروستکراوە، بەجۆرێک روبەری بیناکە(850م$^2$) کە لە(4)هۆلی گەورە کەروبەرێکی هەریەکەیان(100م$^2$)پێک هاتوە وەهەریەک لەبەشی خزمەتگوزاری چێشتخانەو دەست شۆری لەخۆ گرتوە لەگەڵ ژوری میوان وبەڕێوبەر،وێنەی(1)، روبەرەکەی تریش کەدەمێنێتەوە بریتیە لەباخچە وسەوزایی، ئەم کتێبخانەیە دەکەوێتە سنوری گەڕەکی(نیسێ) ژمارەی فەرمانبەرانی کتێبخانەکە(20)کارمەندە(ئەحمد: 2020/11/8).

**2-هۆڵی بۆنەکان:**ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن(1)هۆڵی بۆنەیە کەدەکەویتە ناوەندی شارەکە لەسنوری گەڕەکی (چەوەسپی)لەسەرروبەری(1500م$^2$)دروستکراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، وێنەی()، هۆڵەکە ناوی(هۆڵی شەهید رسول حمە زێرە)ە پێکهاتەی هۆڵەکە بەجۆریکە کە لەهۆڵێکی گەورەی دانیشتن یان ئەنجامدانی چالاکی پێک هاتووە، ژوریک بۆ خۆ ئامادەکردن وژورێک بۆ خزمەتگوزاریەکانی تر، لەئیستادا زۆربەی بۆنەکانی وەک(هاوسەرگیری وبونەی وەرگرتنی بروا نامە)لەم هۆڵەدا ئەنجام دەدرێت.

**3-شوینەوارە مێژویەکان(قەڵای پاشاکوێرە):**ئەم قەڵایە لەلایەن(میر محمدی)پادشای ئەمارەتی سۆران کە رەواندز پایتەختی بووە لەماوەی پادشایەتی لەناوچەکە لەنیوان ساڵانی(1813بۆ1837)زدروست کراوە، لەوکاتەدا ناونراوە بە(قەڵای پاشاکوێرە) کە دەکەوێتە باشوری رۆژئاوای شارەی دوکان بەدوری(2کم) لەناوەندی شارەکەو لەسەر روبەری(5000م$^2$)دروست کراوە کەدەڕوانێت بەسەر شاری دوکان وروباری زێی بچوک*، شوێنی جوگرافی قەڵاکە دەکەوێتە سەرگردێک کە بەرزی(130م)ە لەئاستی دەریاوە ئەم قەڵایە چوار بورجی بازنەیی هەیە کەدابەش بون بەسەر گۆشەکانی قەڵاکە پێکهاتەکەی بریتیە لە بەردو گڵ وقورِ وگەچ، وێنەی(2)(احمد، 2015 :134).

**وێنەی(1)کتێبخانەی گشتی دووکان**



**وێنەی(2)قەڵای پاشا کوێرە**



سەرچاوە:بەرواری 2022/3/15 لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.

**شەشەم/هەوارگەوکابینەوکەپرە خۆشگوزەرانییەکان:** ئەم ناوەندانە بە گرنگترین شوێنی حەوانەوەی سەردانیکەرو ئەنجامدانی چالاکیەکانی سەردانیکەر دادەنرێت کەگرنگیەکی زۆری هەیە لەڕوی خزمەتگوزاری گەشتیاری وخۆشگوزەرانی لەبەرئەوەی یەکەم شتێک کە سەردانیکەر هەوڵ دەدات دوای گەیشتنی بە ناوچە گەشتیاریەکان بریتیە لەشوێنی حەوانەوە پێش ئەوەی بیر لە خواردن بکاتەوە ئەمانیش هەریەک لە هەوارگەو کابینەوە کەپرەکان دەگرێتەوە(عمر، 2007: 175)، لەبەرئەوەی شارەکە ناوچەیەکی گەشتیاری بەناو بانگە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان وعێراقیش بۆیە سەردانیکەرێکی زۆر روو لەم ناوچەیە دەکەن واپێویست کردووە کە بیر لەدروستکردنی چەندان هەوارگەو کۆمەڵگای گەشتیاری بکرێتەوە کەلەناویاندا چەندین کەپرو کابینە لەخۆدەگرێت بۆیە لێرەدا بەیەکەوە باسیان دەکەین ناتوانرێت لەیەکتریان جیا بکەینەوە، وەزۆربەی هەوارگەو کۆمەڵگا گەشتیاریەکان دەکەونە لێواری روبارەکە لەهەردوو لای بەدرێژایی ڕوبارەکە، خشتەی(8)و نەخشەی(8)و وێنەی(3)، زۆربەی هەوارگەو کۆمەڵگا گەشتیاریەکان دەکەونە سەرڕیگای(قەشقۆڵی و سارتکە)ئەم دورێگایە درێژ دەبنەوە بەدرێژایی (1کم)هاوتەریب لەگەڵ روباری زێی بچوک هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم ناوچانە راستەوخۆ لکاون بە ڕوبارەکە وناوچەیەکە خاوەن سروشتێکی جوانە، لەکاتێکدا لەکۆی(46)هەوارگەوکۆمەڵگای گەشتیاری(37)یان دەکەونە سەر ئەم دوو رێگایە، گەڕەکی قەمچوغە خاوەن(8)کۆمەڵگای گەشتیارییە کەگەورەترین کۆمەڵگا گەشتیاریەکان دەکەونە سنوری ئەم گەڕەکە هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە روباری زێی بجوک لەسنوری ئەم گەڕەکە

**خشتەی (8)هەوارگەو کۆمەڵگا گەشتیاریەکان و کابینەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(2021)**

| ژ | شوێن | ناوی هەوارگەو کۆمەڵگا گەشتیارییەکان | ژ.کابینەکان | ژ.کەپرەکان | ڕوبەرم$^2$ |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕێگای سارتکە | تەرزە، تەلان، شایی، ئاریاس، گوڵبەهار، سەرچەم، ئارۆ، یارا، لالۆ، ماردین، سۆڤان، دارۆ، سارا، سانا، هانی، سایە، | 83 | 501 | 127585 |

* حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گەشتوگوزار، بەرێوبەرایەتی گەشت وگوزاری دوکان، بڵاونەکراوە، 2021.

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | دەریا، دییە، ڕۆژ، خانێ، ئامەد، ماڵدیف، سورداش، ئوراسیا، ڕۆما، گەنجۆ، شازادە، لیسا، پاشاگەورە، چنار، لۆنا | | | |
| 2 | ڕێگای قەشقۆڵی | پشا، قەشقۆڵی، چرا، سۆرک، باوان، نەوا | 56 | 118 | 94100 |
| 3 | گەرەکی قەمچوغە | زەردەشت، سارای خەونەکان، ئەوین، کاردین، تابین، کارۆز، هەڵکەوت، نێرگز | 64 | 482 | 218670 |
| 4 | ئاشتی | بەهەشت | 10 | 15 | 17500 |
| تێکڕا | | | 213 | 1116 | 457855م$^2$ |

سەرچاوە کاری توێژەر پست بەست بە:

1- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گەشتوگوزار، بەرێوبەرایەتی گەشت وگوزاری دوکان، هۆبەی مۆڵەت، بلاونەکراوە، 2021.

2- کاری مەیدانی توێژەر.

فراوان دەبێت دەگاتە تەختی سارتکە کەناوچەیەکی فراوانە وخاوەن کەنارێکی زۆرە، لەگرنگترینیان(هەڵکەوتی خێزانییە)کە ڕوبەری دەگاتە(147500م$^2$) لەدوا ئەمیش هەوارگەی(نێرگز)کە ڕوبەرەکەی(26700م$^2$)، لەناویشیان گەرەکی ئاشتی خاوەن(1)هەوارگەیەیە بەناوی(بەهەست)کە ڕوبەری(17500م$^2$) دەکەوێتە دوکانی سەرەوە، ڕوبەری سەرجەم هەوارگەکان دەگاتە(457855م$^2$) کەڕوبەری هەیەکێک جیاوازە لەڕوبەری ئەوی تریان ئەم ڕوبەرە دەگاتە(1.7%)کۆی ڕوبەری ناوچەی لێکۆڵینە.

سەبارەت بە کابینەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە کە بەشێکن لە هەوارگەوکۆمەڵگا گەشتیاریەکان ژمارەیان دەگاتە(213)، ڕوبەری ئەم کابینانە بەشیوەیەکی گشتی لەنێوان(20بۆ30م$^2$)دایە دەگۆڕێت بەپێی جۆری کابینەکان، نرخی ئەم کابینانە بۆ سەردانیکەر جێگیر نییە دەگۆڕێت بەپێی وەرزەکان وجۆری هەوارگەکان، لەهەردوو وەرزی(هاوین وبەهار)نرخیان بەرزە کەدەگاتە(150000)دینار بۆ (24)کاتژمێر، بەلام لەکۆتایی وەرزی پایز وزستان نرخیان کەم دەبێتەوە بۆ(60000)دینار بەهۆی کەمبونەوەی سەردانیکەر بۆ ناوچەکە.

ژمارەیەکی زۆر کەپر هەیە لەهاوینەهەواری دوکان بەشیوەیەکی گشتی ئەم کەپرانە بەشێکن لە هەوارگەوکۆمەڵگا گەشتیاریەکان گەرچی هەندێکیان تەنها کەپرن، کەبەدرێژایی ڕوبارەکە درێژ دەبنەوە، ژمارەی ئەم کەپرانە دەگاتە نزیکەی(2000)کەپر، کە(1116)کەپریان دەکەونە سنوری هەوارگەوکۆمەڵگا گەشتیاریەکان ئەوەی کەدەمێنێتەوە کە(887)کەپرە بەشێوەیەکی سەربەخۆ دروست کراون دابەشبوون بەسەر تەواوی ناوچەکە کە زۆرینەیان دەکەونە سەر ڕێگای سارتکە کە بەشێوەیەکی نافەرمی دروستکراون، ڕوبەریان لەنێوان(12بۆ18م$^2$)دایە لەڕوی خزمەتگوزاریەوە ئەم کەپرانە زۆربەیان شوێنی برژاندن ودەست شۆرو کارەبایان تێدایە*، لەکۆتایدا هەوارگەو کۆمەڵگا گەشتیارییەکان گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە لەلایەک دانیشتوانی شارەکە بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانی سود لەم ناوچانە وەردەگرن لەلایەکی تریش ئەم ناوەندانە بونەتە هۆکارێک بۆ ڕەخساندنی هەلی کارکردن بۆدانیشتوانی شارەکە وگوندەکانی دەوروبەری وبەرەو پێشبردنی لایەنی ڕۆشنبیری وناساندنی چەندین نەتەوەو زمانی جیاواز لەگەڵ یەکتر لەبەئەوەی سەرردانیکەران لەڕوی زمان ونەتەوەو ئاین وکولتورەوە جیاوازن.

**حەوتەم/ئوتێل ومۆتێلەکان***: ئوتێل ومۆتێلەکان ئاستی پێشکەوتنی هەر ناوچەیەک دیاریدەکەن، سەرجەم ناوجە گەشتیاریەکان گەر بیانەوێت ببنە ناوەندێک بۆ سەرنجراکێشانی گەشتیار پێویستە یەکەم شتێک کە بیری لیبکریتەوە بریتی بێت لەدروستکردنی ئوتێل ومۆتێلەکان لەبەرئەوەی ئەم ناوەندە خۆسگوزەرانیانە ئەو ناوچانەن کە سەردانیکەر دەتوانیت تیایدا پشوو بدەن، هەرلەبەر ئەم گرنگییە ئەم ناوچانە دادەنرێن بەیەکیک لەگرنگترین چالاکییە گەستیاری وخۆشگوزەرانیەکان گەشەپیدانی ئەم ناوەندانە هۆکارێکن کە جولەی گەشتیاری وچالاکی خۆشگوزەرانی خێرا دەکەن(جاسم، 2014: 115).ژمارەی ئوتێل ومۆتێلەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە(3) ئوتێل وموتێل کە لەناویان (1)دانەیان موتیل دوانەکەی تر بریتین لە ئوتێل ئەمانە گرنگی تایبەتیان هەیە، خشتەی(9)نەخشەی(9)ووێنەی(4).

**خشتەی(9)ئوتێل ومۆتێلەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی(2021)**

| ژ | شوێن | ئوتێل ومۆتێل | ڕوبەر م$^2$ | ژ.ژوور |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەرجەم | شادی | 2600 | 16 |
| 2 | قەمچوغە | میراڵ | 5500 | 20 |
| 3 | سەربەنداوەکە | ئاشور | 36750 | 100 |
| تێکڕا | | | 44850م$^2$ | 135 |

سەرچاوە کاری توێژەر پست بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گەشتوگوزار، بەرێوبەرایەتی گەشت وگوزاری دوکان، هۆبەی مۆڵەت، بلاونەکراوە، 2021.

**1-ئوتێل ئاشور(کۆمەڵگای گەشتیاری ئاشور):**ئوتێل ئاشوری گەشتیاری بەیەکێک لەهەرە پرۆژە گرنگەکان دادەنرێت بۆ شاری دوکان کەدەکەوێتە باکوری شارەکە لەسەر دەریاچەی دوکان دروستکراوە کەروبەرێکی گەورەی داگیرکردووە کەدەگاتە(36750م$^2$)، ئەم ئوتێلە لە(100)ژوور پێکهاتووە کەهەریەک لەم ژورانە خاوەن سەرجەم خزمەتگوزاری پێویست وخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیەکانە لەگەڵ بوونی(10)کوخ(ئیدریس: 2021/11/14).

---

* سەردانی مەیدانی توێژەر (2021/11/11).

* جیاوازی هەیە لەنیوان(ئوتێل ومۆتیل)هەرچی ئوتێلە ئەوناوەندانەن کەتارادەیەک لەروی ڕوبەرەوە گەورەترن لە مۆتیل لەهەمان کاتیش خاوەن سیکوریتی تایبەتەو سەردانیکەر زیاتر ژیانی پاریزراوترە لەگەڵ سەرجەم خزمەتگوزارییە پێویستیەکان وخۆشگوزەرانیەکان لە ئوتێل بونیان هەیە پێچەوانەی مۆتێلەکان.بۆزانیاری زیاتر بروانە(**harvy,1980: 93**).

**2-موتێل شادی:**دەکەوێتە سەرێگای سەرەکی دوکان/سلێمانی بەشی ڕۆژهەڵاتی شاری دوکان بەدوری(280م)لەناوەندی شارەکە ودەکەویتە ناوەندی کۆمەڵگا گەشتیاریەکانی قەشقوڵی لەسەر روباری زێی بجوک بنیاتنراوە، ئەم مۆتێلە لەدوو نهۆم پێک هاتوە ژمارەی ژورەکانی هەر نهۆمێک(8)ژورن واتە کۆی گشتی (16)ژورە، لەگەل نهۆمیکی زەمینی جگە لەژوری پاسەوان وبەرێوبەرو کارمەندو چێشتخانەو مشتملات ڕوبەری ژورەکانی(15بۆ20م$^2$)، روبەری ئەم مۆتێلە دوگاتە(2600م$^2$)، (حسێن: 2021/11/16).

**3-ئوتێل میراڵ:**دەکەوێتە سنوری گەرەکی قەمجوغە لەسەررێگای سەرەکی سلێمانی/دوکان ولەسەر روباری زێی بچوک بەدوری(2کم)لەناوەندی شار بنیاتنراوە لەدوو نهۆم پێکهاتوە، ژمارەی ژورەکانی(20)ژورن هەر ژوریک سەرجەم پێداویستیەکان لەخۆدەگرێت ڕوبەری بیناکە(5500م$^2$) کەدەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە(عبدالرحمن: 2021/11/16)، لەکۆتایدا شاری دوکان خاەنی(3) ئوتیل ومۆتێلە، کەڕوبەری سەرجەمیان دەگاتە(44850م$^2$)وەژمارەی سەرجەم ژورەکان دەگاتە(135)ژور(عبدالرحمن: 2021/11/16).

**هەشتەم/کەنار ڕوبەرە ئاویەکان وپردەکان:**ڕوبەرە ئاوییەکان دادەنرێن بەگرنگترین ناوچەکانی کێشکردنی سەردانیکەرو باشترین ناوەندی خۆشگوزەرانی کە هاوڵاتیان بتوانن چالاکیەکانیانی تێدا ئەنجام بدەن وجالاکیەکان لەم ناوچانە جۆراوجۆرن کەهەریەک لە(لەشوێنی مەلەکردن، سەوڵ لیدان، گەشتکردن بەناو ڕوبەرە ئاویەکان، خواردنەوەی چایی وقاوەوچەندانی تر)(الشربینی، 2009: 2-3)، ناوچەی لێکۆڵینەوە بەیەکێک لەناوچە دەوڵەمەندەکان دادەنرێت بەسەرچاوەکانی ئاو لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان وعیراقیش، لێرەدا بەجیا باس لەهەریەک لە کەناری ڕوبەرە ئاویەکان وپردەکان دەکەین لەناوچەی لێکۆڵینەوە، نەخشەی(10):

وێنەی(3)هەوارگەوکەپرەکان



وێنەی(4)ئوتێل ئاشور




سەرچاوە/ بەرواری 2022/3/28 لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.


**1-کەنار دەریاچە دوکان:**درێژی کەناری دەریاچەی دوکان لەسنوری شارەوانی ناوچەکە دەگاتە(11.5کم)، بەڵام بەشی باشوری کەنار دەریاچەکە گەرەکی ئاشتیە ئەمە جگە لەوەی لەم ناوچەیە جیاوازی زۆرە لەنێوان ئاستی ئاوەکە و ووشکانی بەجۆرێک ناوچە وشکانییەکان بەتێکرایی(10م)بەرزترە لەئاستی ئاوەکە ئەم جیاوازیەش زیاد دەکات تا بەرەو باشوری ڕۆژئاوا برۆین تادەگەینە سەر بەنداوەکە کە ناوچەیەکی قەدەغەکراوە وشیاو نییە بۆ خۆشگوزەرانی، کەنارە دڵخوازەکان بۆ خۆشگوزەرانی لە کۆتایی گەرەکی ئاشتی دەست پێدەکان بەدرێژایی سنوری شارەوانی، بەدرێژایی(8.1کم)کەزۆربەی جالاکیە خۆشگوزەرانییەکان لەم ناوچانە ئەنجام دەدرێت، لەم کەنارەدا ژمارەیەکی زۆر بەلەم (زەورەق)هەیە کە ژمارەیان دەگاتە نزیکەی(120)زەورەق(ئەمین: 2021/12/16).


**2-کەنار ڕوباری زێی بچوک:**درێژی کەنار ڕوبارەکە لەسەرەتای دەست پێکردنی تا دەگاتە کۆتا سنوری شارەوانی شارەکە دەگاتە(8.1کم) کەناری هەردوو لای ڕوبارەکە دەگرێتەوە کە بەشی هەرە زۆری ئەم کەناراوانە بریتیە لە کەپروهەوارگەو کۆمەڵگا گەشتیاریەکان، بەدرێژایی ئەم کەناراوانە ناوچەی سەوزایی سروشتی هەیە کە ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە لە رازاندنەوەی ناوچەکەو خۆشکردنی ئاووهەوا بەکارهێنانیان لەلایەن، ئەوەی دەمێنێتەوە وەک کەنار ڕوبار چەند ناوچەیەکی دیاریکراوە بەشیوەیەکی بچڕ بچڕ بەدیدەکرێت کەژمارەیان(6)شوێنە باخچەی هێمن لەسنوری گەرەکی سەرچەم لەسەرکەناری ڕوبارەکە دروست کراوە ناوچەیەکی گرنگە بۆ سەردانیکەران کە بتوانن کاتەکانیان ناوەندە خۆشگوزەرانیە بەسەر ببەن، دووناوچەی تر بەڕوبەری جیاواز لەسەر ڕێگای سارتکە، ناوچەیەکی تە لەسنوری گەرەکی قەمچوغە نزیک ئوتێل میراڵ، ناوچەی تر لەخوار پردی قەمچوغە کەبەناوچەیەکی خۆشگوزەرانی کەنار ڕوبار دادەنرێت. ئەمە لەکاتێک دایە لەناو بەنداوەکە دەرەچەیەک هەیە پێی دەوترێت(بێڵ ماوس)، لەکاتی زیاد بونی ئاو پڕبوونی بەنداوەکە تاوەکو مەترسی لەسەر بەنداوەکە کەم کاتەوە ئاو لەم (بێڵ ماوسە)کە کەسەرەتاکەی لەناو بەنداوەکەدایە وشوێنی فڕێدانی ئاوەکە دەکەوێتە پشتی بەنداوەکە سەرەتای دروست بونی ڕوبارەکە، لەکاتی هاتنەدەرەوەی ئاوەکە دیمەنێکی زۆر سەرنج ڕاکێشی هەیە سەرنجی هاوڵاتیان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت وەک ئەوەی لەساڵی(2018)ز دا سەرڕێژ بوو، وێنەی(5).

**3-پردەکان:**جگە لەوەی ئەم پردانە مەبەستی سەرەکی لەدروست کردنیان بۆ پەڕینەوە بووە واتە بۆ هاتوچۆی ئۆتۆمبێل ومرۆڤەکان بوە بەڵام لەئێستادا بەیەکێک لەناوچە خۆشگوزەرانییەکان دادەنرێت کە هاوڵاتیان لەکاتی سەردانیان بۆ کاتێکی کەمیش بێت دێنە سەرئەم پردانەو چەند وێنەیەک دەگرن، ئەوانیش هەریەک لەپردی دوکان وپردی قەمچوغە دەگرێتەوە، پردی دوکان مێژوی دروست بونەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی(1975)ز ولەساڵی (1976)ز تەواو کرا لەلایەن خاوەن کارێکی کورد بەناوی(مامە قالە)بەسەرپەرشتی ئەندازیار(فەرهاد) کەهۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ڕێگای سەرەکی سلێمانی/هەولێر/کۆیە/ڕانییە بەیەکەوە ببەستێتەوە، درێژی ئەم پردە (60م)و پانیەکەی(10م) لە هەردوو لای پردەکە بەپانی(1.50م)ڕێگای پیادەی بۆ دروستکراوە هاوڵاتیان وسەردانیکەران جگە لەوەی بۆ پەڕینەوە بەکاری دەهێنن لەهەمان کاتیش بەتایبەت

**نەخشەی(2)سنوری گەڕەکەکانی شاری دوکان. نەخشەی(3)چایخانەو قوەخانەکانی شاری دوکان.نەخشەی(4)نەخشەی باخچەکانی شاری دوکان**










سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:بەکارهێنانی سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:بەکارهێنانی سەرچاوە/کاری توێژەر
پشت بەست . . زانیارییەکانی خشتەی(1) زانیارییەکانی
خشتەی(2) زانیارییەکانی خشتەی(2)

**نەخشەی(5)چێشتخانەکان وماسی برژاوەکان نەخشە(6)خزمەتگوزارییە وەرزشییەکان نەخشەی(7)خزمەتگوزارییە ۆشنبیرییەکان**










سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:بەکارهێنانی سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:بەکارهێنانی سەرچاوە/کاری توێژەر پشت
بەست بە:بەکارهێنانی زانیارییەکانی خشتەی(4و5)، زانیارییەکانی خشتەی(6و7)، زانیارییەکانی خشتەی(6و7)

**نەخشەی(8)هەوارگەو کۆمەڵگا گەستیارییەکان. نەخشەی(9)ئوتێل ومۆتێلەکان نەخشەی(10)کەناررووبەر ئاویەکان وپردەکان**







سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:بەکارهێنانی سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەست بە:بەکارهێنانی سەرچاوە/کاری توێژەر
پشت بەست بە:بەکارهێنانی زانیارییەکانی خشتەی(8)، زانیارییەکانی خشتەی(9)، بەرنامەی(Arc Gis 10.8).

*نەخشەکان لە ڕێگەی بەرنامەی(Arc Gis 10.8) ئامادەکراون، بەبەکارهێنانی زانیاری لەبەردەست لەسەرناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دوکان لەساڵی 2021 ز.

ئێواران وشەوانە هاوڵاتیان سەردانی ئەم سەرپردە دەکەن بۆ گرتنی وێنە، پردی قەمچوغە مێژوەکەی تازەیە لەساڵی(2012)ز دروست کرا لەسەر هەمان تایبەتمەندی پردی دوکان کە ڕێگای سارتکە وهاوینە هەوارەکانی سارتکە دەگەیەنێت بەڕێگای سەرەکی سلێمانی /دوکان ئەمە لەکاتێکدایە لەوەرزە دڵخوازەکان بەتایبەتی وەرزی بەهار ئەم پردە ودەوروبەری بە دڵخوازترین ناوچەی خۆشگوزەرانی دادەنرێت بەتایبەتی لەکاتی شەواندا کە دیمەنێکی جوانی هەیە(جەمال:2021/12/13).

**نۆیەم/ناوچەی کراوە:**مەبەست لەناوچەی کراوە ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کەلەلایەن مرۆڤەوە بنیات نەنراون یان ڕوپۆش نەکراون بەسەوزایی وگوزارشت دەکات لەوبۆشاییە کەلەهەرێمی بۆشایی شاردا ماوەتەوە سەوزایی تیادا زاڵە ئامانج لێی بەکارهێنانیانە بۆ بەدیهێنانی ئاسودەیی دانیشتوان ودورکەوتنەوەیان لەجەنجاڵی قەرەباڵغی شار.(الخيكاني، 2012: 85). هەرچەندە ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی شاخاوییە بەڵام گونجاوی ئاووهەوا وایکردوە کە ڕوبەرێکی فراوانی کراوە لەناوچەکە هەبێت کە ڕوبەری ناوچەی کراوە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە(2090هێکتار) کەدەگاتە(80.6%)، کۆی ڕوبەری گشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە، بونی ئەم ڕوبەرە وادەکات کە گرنگی ناوچە کراوەکان زۆر بێت وەک ناوچەیەکی خۆشگوزەرانی بۆدانیشتوانی شارەکەو ئەوگەشتیارانەشی کە سەردانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەن بەتایبەتی لەوەرزی بەهار وهاویندا کەسەردانیکەران بەرەو ناوچە سەوزاییە کراوەکان دەڕۆن تا لە بینینی سروشتی جوان وئاووهەوای پاک چێژ وەربگرن،

**وێنەی(5)بێل ماوسەکە لەکاتی سەررێژ بوون**



**وێنەی(6)ناوچەی کراوە لەشاری دوکان**



سەرچاوە: 1-وێنەی(5)لە 2022/3/24 لەلایەن توێژەرەوە گیراوە.

2-وێنەی(6)لەبەرواری 2022/4/15 لەلایەن توێژەرەوە گیراو.

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شارەکە بەجۆرێکە کە لەناوچەیەکی تەنگەبەر دروست بووە کە لەنێوان هەردو چیای ساراو زنجیرە چیای کەڵکەسماق کەدرێژ بۆوەی چیای هەیبەت سوڵتانە لەڕۆژئاوا ئەمیش وایکردووە ناوچەیەکی کراوەی زۆر لەشارەکە هەبێت بێ ئەوەی سودی لێوەربگیرێت بۆ نیشتەجێبون، لەکۆتایدا ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن کۆمەڵێک خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانییە کە گرنگی ئەم ناوەندە خۆشگوزەرانیانە تەنها بۆ دانیشتوانی شارەکە نییە بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لەگەشتیار سەردانی ئەم ناوچانە دەکەن بەتایبەت لەوەرزە دڵخوازەکانی گەشتکردندا کەدەتوانن کاتێکی خۆش بەسەر ببەن لە ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان، لەباسی دواتر باسی توانستی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان دەکەین لەناوچەی لێکۆڵینەوە هەڵسەنگەندن بۆ توانستەکانیان دەکەین.

## باسی دووەم/پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی توانستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی لێکۆڵینەوە:

پێوەرەکانی خزمەتگوزاری ئەوپێوەرانەن کەبەئاستێکی دیاریکراو پەسەندەکرێت، چی لەڕووی ڕوبەرەوە بێت یان لە ڕووی ژمارەوە بێت بۆ هەموو جۆرەکانی خزمەتگوزاری بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بەخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەسەر بنەمای دابەشبون وژمارەی ناوەندەکان و ژمارەی دانیشتوان وروبەری ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان توانستە کۆمەڵایەتیەکان بنیاتدەنرێن بە لەبەر چاوگرتنی پلانێکی گونجاو(بن غضبان، 2013: 230).

**یەکەم/پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەبەکارهێنانی پێوەرە ناوخۆییەکان :**

هەرچەندە جیاوازی بەدیدەکرێت لە ژمارەو ڕوبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی ترلەشارێکەوە بۆ شارێکی تر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی توانستی سروشتی وڵاتان وهەل ومەرجی مرۆیی وڵاتەکە(علی، 2018: 63)، بەهۆی گرنگی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشارەکان لێرەدا پشت بەچەند پێوەری ناوخۆیی دەبەستین کەلەخشتەی(10)دا ڕونکراوەتەوە، کەتیایدا جۆری خزمەتگوزاریەکەو ژمارەی خزمەتگوزاریەکەو ڕوبەری پێویست دیاریکراوە.

**خشتەی(10)پێوەرەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بەپێی پێوەری ناوخۆیی عێراق**

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | ژمارەی خزمەتگوزاری | ژمارەی دانیشتوان | ڕەبەری پیویست م² |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پارکی گشتی | 1 | 10000 | 60000 |
| 2 | شاری یاری | 1 | 10000 | 15000 |
| 3 | چێشتخانەی خۆشگوزەرانی | 1 | 12000 | 36000 |
| 4 | ئوتێل ومۆتێل | 1 | 25000 | 15000 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 5 | چایخانەو قاوەخانە | 1 | 4500 | ----- |
| 6 | یاریگای تۆپی پێ | 1 | 6000-5000 | 12000 |
| 7 | هۆڵی لەشجوانی | 1 | 25000 | 25000 |
| 8 | کتێبخانە | 1 | 50000 | 15000 |
| 9 | هۆڵی بۆنەکان | 1 | 45000 | 4500 |
| 10 | باخچەکان | 1 | 10000 | 15000 |

سەرچاوە: 1-(الراوی، 2017: 168). 2-(المحمدی، 2010: 32).

لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە هەڵسەنگاندن بۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دەکەین ئەمە لەکاتێکدایە کە ژمارەی دانیشتوان لەساڵی(2021)دا(16474)کەسە بەڵام وەک دەزانین ناوچەی لێکۆڵینەوە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگە کە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر سەردانی ناوچەکە دەکەن کەژمارەی گەشتیار بۆ ناوچەکە لە ساڵی(2021)دا نزیکەی(50000)*گەشتیار بووە، بۆیە لەبەشێک لەخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بەگەشتیار بۆیە بەپێویستمان زانی ژمارەی گەشتیار ڕەچاو بکەین لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی شارەکە لەوخزمەتگوزاریانەی کەگەشتیار وەک ناوەندێکی خۆشگوزەرانی لێی سودمەند دەبن، لێرەدا باس لەهەر یەک لەخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دەکەین:

**1-چایخانەوقاوەخانەکان:**بەسەرنجدان بەخشتەی(11)ژمارەی چایخانەوقاوەخانەکان دەگاتە(9)ناوەندی خۆشگوزەرانی کە دەگاتە(25.7%)ی کۆی ژمارەی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەکەدا، ڕووبەری ئەم ناوەندانە دەگاتە(1750م$^2$)کەدەکاتە(1.9%)کۆی ڕووبەری خۆشگوزەرانیەکان، ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی پێوەری ناوخۆیی عێراق لەشارەکان پێویستە(1)چایخانەوقاوەخانەبۆ هەر(4500)کەسێک هەبێت لەکاتێکدا ڕووبەرەکەی دیاری نەکراوە، بۆیە پشت بەست بەم پێوەرە لەبەرامبەر ژمارەی دانیشتوان دەردەکەوێت لە ئێستادا شارەکە پێویستی بە(3.6)چایخانەو قاوە هەیە کە لە(27.6%)ی کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان پێک بهێنێت واتە لێرەدا ژمارەی ئەم ناوەندانە (5.4)ناوەند زیادەی هەیە لەبەرامبەر ژمارەی دانیشتوان، بەڵام هەڵسەنگاندنی ئەم ناوچانە بەپشت بەست بەژمارەی دانیشتوان وژمارەی گەشتیار کەکۆی گشتی دەگاتە(66474)کەس، لەئێستادا پێویستە ژمارەی چایخانە وقاوەخانەکان (14.7)ناوەندی خۆشگوزەرانی بێت، واتە ژمارەی چایخانەوقاوەخانەکان(5.7)ناوند کەم وکورتی هەیە کەواتە پێویستە نزیکەی(6)چایخانەو قاوەخانەی تر لەناوچەکە هەبێت تاوەکو بتوانێت لەئاست پێویستی خۆشگوزەرانی دانیشتوان وگەشتیاراندا بن.

**2-باخچەکان:** دادەنرێن بەگرنگترین ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لەشارەکان وپێویستیەکی گرنگی شارەکانە، بەپێی پێوەرە ناوخۆییەکان پێویستە لەشارەکان(1)باخچە بۆهەر(10000)کەس وبەڕووبەری(6000م$^2$)بێت، بەڵام بەسەرنجدان بەخشتەی(24)، ژمارەی باخچەی بەردەست(6)باخچەیە کە دەکاتە(17.1%)ی کۆی گشتی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وە ڕووبەریان دەگاتە(22100م$^2$)کەدەکاتە(24.3%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، هەڵسەنگانی ئەم ناوەندانە بەرەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان لەئێستادا پیویستە (1.6)باخچە هەبێت کە دەکاتە(12.3%)کۆی گشتی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان بەڕووبەری(24000م$^2$) کەدەکاتە(12.3%)ی کۆی ڕووبەری گشتی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەناوچەکە کەواتە لێرەدا ڕاستە ژمارەی باخچەکان زیاترن لەپێویستی ئێستا بەڵام بەڵام لەڕوی ڕووبەرەوە کەمترن واتە پێویستە(1900م$^2$)لەباخچەکان زیادبکرێن تا بتوانن پێویستی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان پڕ بکەنەوە، هەڵسەنگاندنی باخچەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی گەشتیار واپیویست دەکات کە ژمارەی باخچەکان بۆ(6.6)باخچە زیاد بکرێت کە ڕووبەری سەرجەمیان بکاتە(76.900م$^2$) واتە لێرەدا ژمارەی باخچەکان لەشارەکە تارادەیەک گونجاوە بەڵام ئەوەی کەم وکورتی تێدایە بریتیە لە ڕووبەری باخچەکان بەڕێژەی(54800م$^2$).

**3-پارکەکان:** هەرچەندە پارکەکان بە بەشێکی بنەرەتی دادەنرێت لەکاتی دامەزراندنی شارەکان کە زۆر جار بە ماڵی دووەمی دانیشتوان ناودەبرێت کەزیاتر دەکەویتە ناوچەکانی دەوروبەری شارەکان بەتایبەتی لەناوچانە بنیات دەنرێت کە سروشتی ناوچەکە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندیەکانی پارک ، یەکەم جار ئەم ناوە لەساڵی(1960)ز لەلایەن (فریدریک ئولمتید)کە زانایەکی ئەمریکی بوو لەم ناوچانە نرا کە لەشاری (نیورک)چەندین پارک لەسەر دەستی ئەم زانایە دامەزرا(hatt,2002: 3)، هەرچەندە لەناوچەی لێکۆڵینەوە پارک نییە بەڵام بەپێی پێوەری عێراقی کەبۆ خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دیاریکراوە لەشارەکان پێویستە هە(10000)کەسێک (1)پارک کەڕووبەری(60000م$^2$)بێت هەبێت، کەواتە لەئێستادا ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپشت بەست بەژمارەی دانیشتوان پێویستە(1.6)پارک هەبێت کە دەکاتە(12.6%)کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان بەڕووبەری(96000م$^2$)کەدەکاتە(49.2%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لە شارەکەدا، ئەمە لەکاتێکدایە کە هەڵسەنگاندنی پارکەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوان وژمارەی گەشتیار ئەوا پێویست دەکات کە ژمارەی پارکەکان(6.6)پارک بێت وە ڕووبەری سەرجەمیان بگاتە(396000م$^2$) کە پێویستە بۆ ئەوەی بتوانێت پێداویستی هاوڵاتیان لەخۆشگوزەرانی پڕبکاتەوە.

**4-شاری یاری:**بەپێی پێوەریناوخۆیی پێویستە(1)شاری یاری بۆ(40000)کەسێک وروبەری(20000م$^2$)، ئەوەی تایبەتە بەناوچەی لێکۆڵینەوە شاری یاری لەناوچەکە نییە ئەمە لەکاتێکدایە کە کەهەڵسەنگاندنی شاری یاری بەپێی ژمارەی دانیشتوان کە(16474)کەسە پێویستە(0.4)شاری یاری هەبێت ڕووبەرەکەی(8000م$^2$)بێت کە دەکاتە(4.1%)کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەناوچەکە، وە هەڵسەنگاندنی شاری یاری بەپێی ژمارەی دانیشتوان وژمارەی گەشتیار واپێویست دەکات(1.6)شاری یاری بێت وروبەرەکەی(64000م$^2$)بێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان بتوانن جێژ لەم خزمەتگوزارییە وەربگرن.

**5-چێشتخانەکان:**لەپێوەرە ناوخۆییەکان ئاماژە دراوە بەوەی کە(1)چێشتخانە توانای پڕکردنەوەی پێویستیەکانی(12000)کەسی هەیە بەمەرجێک ڕووبەرەکەی بگاتە(15000م$^2$)، ژمارەی چێشتخانەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە (6)چێشتخانەیە کەدەکاتە(17.1%)ی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان ڕووبەری سەرجەمیان دەکاتە(4619م$^2$)کەدەکاتە(5%)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، جێبەجێکردنی ئەم پێوەرە بەوەرگرتنی ژمارەی دانیشتوان لەئێستادا ناوچەکە پێویستی(1.3)چێشتخانە هەیە کەدەکاتە(10.8%)ی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وڕووبەری سەرجەم

* حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی گەشتوگوزار، بەڕیوبەرایەتی گەشت وگوزاری دوکان، هۆبەی تایبەت بەگەشتیار، بڵاونەکراوە، 2021.

چێشتخانەکان دەگاتە(4680م$^2$)کەدەکاتە(2.4%)ی کۆی ڕوبەری خزمەتگوزاری خۆسگوزەرانیەکان، بۆیە لێرەدا ناوچەکە پیویستی بە(4.7)چێشتخانە هەیە کە دەکاتە(19.5%)ی کۆی ژمارەی ناوندە خۆشگوزەرانییەکان وە پێویستی بە ڕوبەی(61م$^2$)هەیە تابتوانیت خزمەت بەهاولاَتیان بکات، بەڵام هەڵسەنگاندنی چێشتخانەکان بەپشت بەست بەژمارەی دانیشتوان وژمارەی گەشتیار لەبەئەوەی چێشتخانەکان بۆ گەشتیار بەگرنگترین ناوچەی خۆشگوزەرانی دادەنرێت، ئەوا ناوچەکە پێویستی بە(5.5)چێشتخانە هەیە کە ڕوبەرەکەی بگاتە(19800م$^2$) واتە بەپشت بەست بەژمارەی دانیشتوان ژمارەی گەشتیار ناوچەکە پێویستی بەڕوبەری(15181م$^2$)هەیە تاوەکو چێشتخانەکان بتوانن خزمەتی هاولاَتیان بکەن.

**6-یاریگای تۆپی پێ:** بەپێی پێوەرە ناوخۆیەکان پێویستە لەشارەکان بۆهەر(5000-9000)کەسێک(1)یاریگا کە ڕوبەرەکەی بگاتە(12000م$^2$)، سەبارەت بەناوچەی لێکۆڵینەوە (7)یاریگا هەیە کەدەکاتە(20%)ی کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانیەکان کەسەرجەمیان دەکاتە(14460م$^2$)کەدەکاتە(15.9%)ی کۆی گشتی ڕوبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان

لە ناوچەی لێکۆڵینەوە، هەڵسەنگاندنی یاریگاکان بەپێی ژمارەی دانیشتوان لەئێستادا ناوچەکە پێویستی بە(2.7)یاریگا هەیە کە دەکاتە(20.7%)ی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وروبەری(32400م$^2$)کەدەکاتە(16.6%)ی کۆی ڕوبەری ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان، کەواتە لەئێستادا کەم وکورتی لە ڕوبەری یاریگاکان هەیە کەروبەری پێویست دەگاتە(17940م$^2$) بۆ ئەوەی پێویستی گەنجان لەچالاکییە خۆشگوزەرانییەکان پڕبکەنەوە.

**7-هۆڵەکانی لەشجوانی:** لەخشتەی(23)ڕونکراوەتەوە کە بۆ(25000)کەس پێویستە(1)هۆڵی لەشجوانی کە ڕوبەرەکەی(25000م$^2$)، بۆیە لەناوچەی لێکۆڵینەوە(2)هۆڵی لەشجوانی هەیە کەدەکاتە(5.7)ی کۆی گشتی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزرانییەکان وروبەریان دەگاتە(520م$^2$)کەدەکاتە(0.5%)کۆی روبەری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، هەڵسەنگاندنی هۆڵەکانی لەشجوانی بەپشت بەست بەژمارەی دانیشتوان لەئێستادا وا پێویست دەکات ناوچەکە(0.6) هۆڵی لەشجوانی کەدەکاتە(4.6%)ی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وروبەری(15000م$^2$)کەدەکاتە(7.9%)ی کۆی ڕوبەری ناوچە خۆشگوزەرانییەکان، کەواتە لەئێستادا ناوچەی لێکۆڵینەوە پێویستی بە روبەرێکی زیاتری هۆڵی لەشجوانی هەیە کە دەگاتە(14480م$^2$) تابتوانێت پێویستی خۆشگوزەرانی بۆ چالاکی لەشجوانی گەنجان بەهەردوو ڕەگەزەکە پڕ بکاتەوە.

**8--کتێبخانە:** بەپێی هەمان پێوەری ناوبراو(1)کتێبخانە پێویستی(50000)کەس پردەکاتەوە لەکاتێکدا ڕوبەرەکەی(15000م$^2$)بێت، لەشاری دوکان(1)کتێبخانە هەیە کە دەکاتە(2.8%)ی کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان کە روبەرەکەی دەگاتە(850م$^2$) کەدەکاتە(0.9%)کۆی ڕوبەری خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییەکان لەناوچەکە، هەڵسەنگاندنی ئەم ناوەندە خۆشگوزەرانییە بەپشتبەست بە ژمارەی دانیشتوان لەئێستادا ناوچەکە پێویستی بە(0.3)کتێبخانە کەدەکاتە(2.3%)ی کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وروبەری(4500م$^2$)کەدەکاتە(2.3%)کۆی ڕوبەری خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییەکان، بەپێی ئەم پێوەرە کەم وکورتی لە ڕوبەری کتێبخانەکەدا هەیە بەرێژەی(3650م$^2$) تاوەکو بتوانێت خزمەت بەهاولاَتی شارەکە بکات بەشێوەیەکی گونجاو.

**9-هۆڵی بۆنەکان:** پێوەرە ناوخۆییەکان سەبارەت بەبوونی هۆڵی بۆنەکان لەشارەکان(1)هۆڵی بەنەی دیاری کردووە کەڕوبەرەکەی(4500م$^2$)توانای خزمەتکردنی(45000)کەس هەبێت، لەشاری دوکان(1)هۆڵی بۆنە هەیە کەدەکاتە(2.8%)کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وروبەری دەگاتە(1500م$^2$)کەدەکاتە(1.6%)کۆی گشتی ڕوبەری خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانیەکان، هەڵسەنگاندنی هۆڵی بۆنەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوان لەئێستادا بۆمان دەردەکەوێت کە پێویستە ژمارەی هۆڵی بۆنەکان(0.3)بێت کەدەکاتە(2.3%)کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان ڕوبەری(1350م$^2$)کەدەکاتە(0.6%)کۆی ڕوبەری ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان، لێرەدا (150م$^2$)لەڕوبەری هۆڵی بۆنەکان زیادە هەیە، ئەم زیادەیەش وایکردووە جگە لەپڕکردنەوەی پێویستی دانیشتوانی شارەکە پێویستی خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکی دوکان پڕبکاتەوە بەتایبەتی لەکاتی ئاهەنگی وەرگرتنی بڕوانامە(حفلە تخرج)کەلەم هۆڵە ئەمجام دەدرێت.

**خشتەی(11)توانستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی وپیویستی ناوچەکە لە ئێستادا ورێژەی زیادە وکەم وکورتی ژمارەو ڕوبەری ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان**

| ژ | خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بەردەست | | | | | پێویستی شار لە ئێستادا | | | | (کەم وکورتی-)(زیادە+) | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | جۆری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی | ژمارە | % | ڕوبەر م$^2$ | % | ژمارە | % | روبەرم$^2$ | % | ژمارە | % | روبەرم$^2$ |
| 1 | چایخانەو قاوە خانەکان | 9 | 25.7 | 1750 | 1.9 | 3.6 | 27.6 | --- | --- | +5.4 | 24.5 | +1750 |
| 2 | باخچەکان | 6 | 17.1 | 22100 | 24.3 | 1.6 | 12.3 | 24000 | 12.3 | +4.4 | 20 | -1900 |
| 3 | پارکەکان | --- | --- | --- | --- | 1.6 | 12.3 | 96000 | 49.2 | -1.6 | 7.2 | -96000 |
| 4 | شاری یاری | --- | --- | --- | --- | 0.4 | 3 | 8000 | 4.1 | -0.4 | 1.8 | -8000 |
| 5 | چێشتخانەکان | 6 | 17.1 | 4619 | 5 | 1.3 | 10.8 | 4680 | 2.4 | +4.7 | 21.3 | -61 |
| 6 | یاریگای تۆپی پێ | 7 | 20 | 14460 | 15.9 | 2.7 | 20.7 | 32400 | 16.6 | +4.3 | 19.5 | -17940 |
| 7 | هۆڵی لەشجوانی | 2 | 5.7 | 520 | 0.5 | 0.6 | 4.6 | 15000 | 7.9 | +1.4 | 6.3 | -14480 |
| 8 | کتێبخانە | 1 | 2.8 | 850 | 0.9 | 0.3 | 2.3 | 4500 | 2.3 | +0.7 | 3.1 | -3650 |
| 9 | هۆڵی بۆنەکان | 1 | 2.8 | 1500 | 1.6 | 0.3 | 2.3 | 1350 | 0.6 | +0.7 | 3.1 | +150 |
| 10 | ئوتێل موتێل | 3 | 8.5 | 44850 | 49.4 | 0.6 | 4.6 | 9000 | 4.6 | +2.4 | 10.9 | +35850 |
| 11 | کۆی گشتی | 35 | 100 | 90649 | 100 | 13 | 100 | 194930 | 100 | 22 | 100 | -104281 |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(10)

*هەریەک لە(ڕوبەرە ئاوییەکان وهەوارگەوکەپرەکان)هیچ پێوەرێکی ناوخۆیی نییە بۆ هەڵسەنگاندنیان.

**10-ئوتێل ومۆتێلەکان:** بەپێی هەمان پێوەری سەرەوە پێویستە بۆهەر(25000)کەسێک(1)ئوتێل ومۆتێل کەڕوبەری(15000م$^2$) بێت، لەناوچەی لێکۆڵینەوە ژمارەی ئوتێل ومۆتێلەکان دەگاتە(3)ناوەند کەدەکاتە(8.5%)ی کۆی ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان وە ڕوبەرەکەی

دەگاتە(44850م$^2$)کەدەکاتە(49.4%)ی کۆی ڕووبەری ناوچە خۆشگوزەرانییەکان واتە دەکاتە نزیکەی نیوەی سەرجەمی ڕووبەری ناوچە خۆشگوزەرانییەکان، هەڵسەنگاندنی ئەم ناوچانە بەپێی ژمارەی دانیشتوان لەئێستادا وادەخوازێت کەناوچەکە(0.6)ئوتێل ومۆتێل هەبێت کەدەکاتە(4.6%)کۆی ژمارەی ناوندە خۆشگوزەرانییەکان ڕووبەریان(9000م$^2$) بێت کەدەکاتە(4.6%)ڕووبەری سەرجەم خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، واتە لیرەدا ڕووبەری زیادە دەگاتە(35850م$^2$)لەناوچەکە، بەڵام هەسەنگاندنی ئەم ناوەندانە بەپێی ژمارەی دانیشتوان وژمارەی گەشتیار کە کۆی گشتی دەگاتە(66474)کەس ئەوا لەئێستادا ژمارەی پیویست دەبێت(2.6)ئوتیل ومۆتێل بێت وە ڕووبەرەکەی بگاتە(39000م$^2$) بەرەچاو کردنی ژمارەی گەشتیاریش وەک تێبینی دەکرێت ڕووبەری زیاد لەپێویست لەناوچەکە دەگاتە(5850م$^2$).

**11-ناوچەی کراوە:**سەبارەت بەناوچەی کراوە هیچ پیوەرێکی ناوخۆیی نییە تا بتوانین پشتی پێببەستین، بۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم پیوەرە پشت بەو ئەنجامانە دەبەستین کەبەدەست هاتون لەتوێژینەوەکاندا زۆربەی توێژینەوە ئەمریکیەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە ناوچەی کراوەی پێویست بۆ هەر کەسێک(13-20م$^2$) وە ڕێژەی ئەم ناوچەیەش لەشارەکاندا(40%)ڕووبەری شارەکە پیک بهێنێت(الخیکانی، 2021: 85)، ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەنی ڕووبەرێکی گەورەی ناوچەی کراوەیە کەدەگاتە(20900000م$^2$)کەدەکاتە(80.6%)کۆی ڕووبەری ناوچەکە بەپێی ئەم ئەنجامەی سەرەوە بێت ڕووبەری ناوچەی کراوەی پێویست بۆ ناوچەی لێکۆڵینەوە (1329480م$^2$) بەپشت بەست بەژمارەی دانیشتوان وژمارەی گەشتیار، واتە ڕووبەری(19570520م$^2$) زیاد لەپێویست هەیە لەناوچەکە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەناوچەکە سیفەتی شاخاوی بەسەریدان زاڵە ڕووبەرێکی زۆر ناوچەی شاخاوییە نەتوانراوە سودی لێوەربگیرێت بۆ نیشتەجێبون، لەکۆتایدا جگە لەخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی(ناوچەی کراوەو ڕووبەرە ئاوییەکان وهەوارگەوکەپرەکان)کەهیچ پێوەرێکی ناوخۆیی نییە تاوەکو بتوانرێیت هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تر کەژمارەیان دەگاتە(35)ناوەندی خۆشگوزەرانی ڕووبەری سەرجەمیان دەگاتە(90649م$^2$) هەڵسەنگاندیان بەپیی پێوەری عێراق دەردەکەوێت لەئێستادا ناوچەکە پیویستی بە(13)ناوەندی خۆشگووزەرانی هەیە بەمەرجێک ڕووبەری سەرجەمیان بگاتە(194930م$^2$)کەواتە ئەوەی تێبینی دەکرێت بەگشتی کەم وکورتی لەژمارەی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دانییە لە ناوچەکە بەڵکو لەزۆربەی ناوەندەکان ژمارەی زیاد لەپێویست هەیە بەڵام ئەوەی کەم وکورتی طیدایە بریتیە لە ڕووبەری ئەم ناوەندانە کە ڕێژەی ڕووبەری پێویست دەگاتە(104281م$^2$).

**دووەم/ پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بەپێی توانستە کۆمەڵایەتیەکان:**

بۆهەڵسەنگاندنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان ناتوانین تەنها پشت بەیەک پێوەر ببەستین بەڵکو خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی وئەنجامدانی چالاکییە خۆشگوزەرانییەکان پەیوەستن بەچەندین توانست کۆمەڵایەتی کەهۆکارن بۆ زیاتر جێژوەرگرتن لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان، کەلێرەدا باس لەهەریەک لەم پێوەرانە دەکەین:

**1-بەسەر بردنی کاتی بەتاڵ:**گوزارشت لەوکاتە دەکات کەمرۆڤ بۆی دەمێنێتەوە لە دوای بەجێهێنانی ئەرکەکانی کارکردنی ڕۆژانەی، ئەم کاتەش کە دەمێنێتەوە ئازادە لەبەکارهێنانی بۆ ئەوەی بتوانێت جێژ لەو کاتە وەربگرێت(العانی، 2011: 244). لە(62%)ی دانیشتوان کاتە بەتاڵەکانیان لەماڵەوە بەسەر دەبەن بەهۆی کەمی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لەم ڕێژەیەش لەناویاندا ڕەگەزی مێ ڕێژەی(75%)پێک دێنن هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ناوەندەکانی تایبەت بەرەگەزی مێ لە شارەکە کەمن یان هەر نین، بەلام ئەوەی دەمێنێتەوە کە(25%)ڕێژەی نێرە کە کاتەکانیان لەماڵ بەسەر دەبەن، ئەوەشی تایبەتە بەچێژ وەرگرتن لەکاتە بەتاڵەکان لە ناوەندەکانی خۆشگوزەرانیەکان لەدەرەوەی ماڵ ڕێژەکەی دەگاتە(38%)کۆی ژمارەی نمونەکان ئەم ژمارەیەش بەشێوەیەکی جیاواز دابەش دەبەن بەسەر ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لەخشتەی(12)وشێوەی(1)ڕونکراوەتەوە، بەجۆرێک زۆرترینیان کاتە بەتاڵەکانیان لە چایخانەوقاوەخانەکان بەسەر دەبەن کە ژمارەیان دەگاتە(35)کەس ڕێژەی(21.1%)کۆی گشتی


**خشتەی(12) ناوچە خۆشگوزەرانیانەی کە هاوڵاتیان لەکاتە بەتاڵەکان سەردانی دەکەن لە شاری دوکان ساڵی 2021 ز**

| ژمارە | جۆری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی | ژمارەی دانیشتوان لەقەبارەی نمونە | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| 1 | چایخانەو قاوەخانەکان | 35 | 21.2 |
| 2 | باخچەکان | 29 | 17.5 |
| 3 | هەوارگەو کەپرەکان | 25 | 15.1 |
| 4 | یاریگای دوو گۆڵی | 23 | 13.9 |
| 5 | هۆڵی لەشجوانی | 20 | 12.1 |
| 6 | ناوچەی کراوە | 16 | 9.6 |
| 7 | گازینۆکان | 9 | 5.4 |
| 8 | چێشتخانەکان | 8 | 4.8 |
| **تێکڕا** | | 165 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی.

باخچەکان بەپلەی دووەم دێت کە ئەوانەی سەردانی دەکەن دەگەنە(29)کەس کەدەگاتە(17.5%)کۆی ژمارەی نمونەکە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شوێنی باخچەکان نزیکن لە چایخانەو قاوەخانەکان بەتایبەتی هەردو باخچەی گشتی شارەکە کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی ڕوی تیدەکات، ئەمە لەکاتێکدایە ئەوانەی سەردانی چێشتخانەکان دەکەن کەمترین کەسن کە ژمارەیان(8)کەسە وریژەکەی(4.8%)ە.

**شێوەی(8) ئەو ناوچە خۆشگوزەرانیانەی کە هاوڵاتیان لەکاتە بەتاڵەکان سەردانی دەکەن لە شاری دوکان ساڵی 2021 ز**




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(12).


**2-ئاسانی گەیشتن:**بەیەکێک لە پێوەرە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان دادەنرێت کەلەکاتی بنیات نانی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان ئەم پێوەرە لەبەر چاو دەگیرێت کە هۆکارێکە بۆ دەست نیشانکردنی شوێنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان لەناو شارەکان کەبەشێوەیەک بێت ئاسان بێت بۆ سەرجەم دانیشتوانی شارەکە تا بگەن بەم ناوەندانە(العامری، 2014: 131)، خشتەی(13)و شێوەی(2)،

**خشتەی(13)هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ گەیشتنی هاوڵاتیان بەناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دوکان ساڵی 2021 ز**

| ژمارە | هۆکاری گواستنەوەی بەکار هاتوو | ژمارەی هاوڵاتیان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| 1 | گواستنەوەی تایبەت | 95 | 57.5 |
| 2 | بەپێ | 35 | 21.2 |
| 3 | پاسکیل یان ماتۆر | 25 | 15.1 |
| 4 | گواستنەوەی گشتی | 10 | 6 |
| تێکرا | | 165 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بەئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی.

**شێوەی(2)هۆکارەکانی گواستنەوە بۆ گەیشتنی هاوڵاتیان بەناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لە شاری دوکان ساڵی 2021 ز**




سەرچاوە: کاری توێژەر پست بەست بە خشتەی(13).

لەئەنجامی وەڵامی هاوڵاتیان لەفۆڕمی ڕاپرسی دەردەکەوێت کە گەیشتن بەهۆکاری گواستنەوەی تایبەت پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە ئەوانەی کە بە ئۆتۆمبێلی تایبەت سەردانی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان دەکەن ژمارەیان دەگاتە(95)کەس کە دەگاتە(57.5%)کۆی گشتی ژمارەی نمونەکە، هۆکاری گواستنەوەی گشتی لەلایەن ژمارەیکی کەم لەهاوڵاتیانەوە کە(10)کەسە بەرێژەی(6%)کۆی گشتی ژمارەی نمونەکە پیک دێنێت، وە ئەوانەی پییەکانیان بەکاردێنن بۆ گەیشتن بەناوەندە خۆشگوزەرانییەکان ژمارەیان(35)کەسە کەدەکاتە(21.2%)کۆی گشتی ژمارەی نمونەکە، وە بەکارهێنانی ماتۆر یان پاسکیل لەلایەن(25)کەسەوە بەکاردێت کە رێژەکەی دەگاتە(15.1%)ی کۆی گشتی ژمارەی نمونەکە.

**بەڵام ئەوەی تایبەتە بە کاتی پیویست بۆ گەیشتن بە ناوچە خۆشگوزەرانییەکان** کە گوزارشت لەو کاتە دەکات پێویستە بۆ ئەوەی لە شوێنی نیشتەجێبونەوە بگەین بەناوەندە خۆشگوزەرانییەکان، بەپشت بەستن بەئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ماوەی پێویست بۆ گەیشتن بەناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لەخشتەی(14)و شێوەی(3)ڕون دەکەینەوە:

**خشتەی(14)کاتی پیوست بۆ گەیشتن بەناوچە خۆشگوزەرانیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2021 ز**


| ژمارە | جۆری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی | کەمتر لە 5 خولەک | 5 خولەک بۆ 15 خولەک | 16 خولەک بۆ 20 خولەک | زیاتر لە 20 خولەک | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چایخانەو قاوەخانەکان | 20.2 | 38.7 | 25 | 16.1 | |
| 2 | چێشتخانەکان | 22.5 | 36.3 | 30.1 | 11.1 | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 3 | هەوارگەو کەپرەکان | 16.3 | 34.4 | 40.2 | 9.1 | 100 |
| 4 | هۆڵی لەشجوانی | 10.3 | 28.9 | 51.3 | 9.5 | |
| 5 | باخچەکان | 15.8 | 24.5 | 44.5 | 15.2 | |
| 6 | گازینۆ | 8.2 | 32.3 | 58.3 | 1.2 | |
| 7 | ناوچەی کراوە | 15.6 | 25.6 | 28.5 | 30.3 | |
| 8 | یاریگای تۆپی پێ | 28.3 | 35.7 | 24.6 | 11.4 | |
| 9 | بەنداوەکە | 4.2 | 41.8 | 28.6 | 25.4 | |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە ئەنجامی فۆرمی ڕاپرسی.

بەرزترین ڕێژە کە بەکەمتر لە (5)خولەک بتوانن بگەن یاریگای تۆپی پێیە کە لە(28.3%)ی کۆی گشتی ژمارەی نمونەکەیە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بونی ژمارەیەکی پێویست لە یارگاکان کە ژمارەیان (6)یاریگای تۆپی پێیە، وەکەمترین ڕێژەش کە بتوانن بە کەمتر لە(5)خولەک بگەن سەربەنداوەکەیە کە ڕێژەکە(4.2%)ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دوری بەنداوەکە لە گەڕەکانی شار جگە لە گەڕەکی ئاشتی، ئەمە لەکاتێکدایە(41.8%)ی هاوڵاتیان دەتوانن لە لەنێوان(5 بۆ 15)خولەک بگەن بەبەنداوەکە، وە زۆرترین ڕێژە کە لەماوەی نێوان(15 بۆ 20)خولەک بتوانن بگەن بریتیە لە گازینۆکان کەرێژەکە (58.3%)هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی گازینۆکان دوریان لە ناوچەی نیشتەجێبون، لە(30.3%)دانیشتوان کە زۆرترین ڕێژەیە دەتوانن بە زیاتر لە (20)خولەک بگەن بە ناوچەی کراوە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی سنوری شارەوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە فراوانە کاتێکی زۆر پێویستە تابتوانیت بگەیت بەناوچەی کراوە.

**شێوەی(3)کاتی پیویست بۆ گەیشتن بەناوچە خۆشگوزەرانیەکان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی 2021 ز**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(14).


**3-پلەی ڕازیبون لە ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان:**لەناوچەی لێکۆڵینەوە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی وامان نیشان دەدات کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لەژمارەی نمونەکە(ڕازینییە)لەخزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان کە ژمارەکە دەکاتە(115)کەس وڕێژەی(69.6%)کۆی گشتی نمونەکەیە، خشتەی(15) وشیوەی(4)،

**خشتەی(15)پلەی ڕازیبونی دانیشتوان لەخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشاری دوکان لەساڵی 2021 ز**

| ژمارە | پلەی ڕازیبون | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|
| 1 | ڕازی نیم | 115 | 69.6 |
| 2 | زۆر ڕازی نیم | 18 | 10.9 |
| 3 | ڕازیم | 24 | 14.5 |
| 4 | زۆر ڕازیم | 8 | 4.8 |
| تێکڕا | | 165 | 100 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بەئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

**شێوەی(4)پلەی ڕازیبونی دانیشتوان لەخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشاری دوکان لەساڵی 2021 ز**




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(15).

هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ كەمی ناوەندە خۆشگوزەرانییەكان وكەمی توانای خزمەتكردنی ئەم ناوەندانە بەهاوڵاتیان وئاسودەنەبونی تەواو لە ناویان، ئەوانەی كە زۆر رازی نین ژمارەكەیان دەگاتە(18)كەس رێژەی(10.9%)ی كۆی گشتی نمونەكە پێک دێنێت، ئەمە لەكاتێكدایە كە ژمارەی ئەوانەی رازیيە بە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان(24)كەسە كە دەگاتە(14.5%)كۆی گشتی نمونەكە، وەئەوانەشی زۆر رازین لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەكان ژمارەیان كەم دەكات بۆ(8)كەس رێژەكەشی(4.8%)ی كۆی نمونەكە پێک دێنێت.


**4-ئەوكێشانەی روبەروی هاوڵاتیان دەبنەوە لەكاتی سەردانی كردنیان بۆ ناوەندە خۆشگوزەرانییەكان:**لەكاتی سەردانیكردنی هاوڵاتیان بۆ ناوچە خۆشگوزەرانییەكانروبەروی كۆمەڵێک كێشە دەبنەوە كەوا دەكات نەتوانن وەک پێویست چێژ لە كاتەكانیان ببینن لەكاتی چالاكییە خۆشگوزەرانیەكان ئەنجامەكانی فۆڕمی ڕاپرسی لەخشتەی(16) وشێوەی(5) رونكراوەتەوە، بەشێوەیەكە زۆرترین ژمارەی نمونەكە باوەڕیان كەیەكێک لەكێشەكان بریتیە لە بەرزی نرخ كەژمارەكە(85)كەسە دەكاتە(51.5%)ی كۆی رێژەی نمونەكە كەدەگاتە زیاتر لە نیوەی نمونەكەیە هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی چاودێری لەسەر نرخ ولەلایەكی تریش ناوچە گەشتیارییەكان بەردەوام نرخ تیایدا بەرزە، بەپلەی دووەم كێشەی شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبێلە كە ژمارەی ئەوانەی روبەروی ئەم كێشەیە بونەوە(33)كەسن رێژەكەی دەگاتە(20%)ی كۆی گشتی نمونەكە هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ناوچەی لێكۆڵینەوە ناوچەیەكی شاخاوییە وپانتایی لەناو شارەكە كەمەوكێشەی وەستانی ئۆتۆمبێل دروست دەبێت، نەبونی كاتی بەتاڵ پلەی سێیەمی وەرگرتوە لە ژمارەی ئەوانەی بۆیان بۆتە كێشە(20)كەسن وەرێژەكەیان دەگاتە(12.1%) پاشان هەریەک لەنەبونی شوێنی دانیشتن و جەنجاڵی رێگەوبان بەدوای یەكدا دێن.

**خشتەی(16)ئەوكێشانەی رووبەڕوی هاوڵاتیان دەبنەوە لەكاتی سەردانی بۆ ناوەندە خۆشگوزەرانییەكان لەناوچەی لێكۆڵینەوە ساڵی 2021 ز**

| ژمارە | ئەو كێشانەی روبەروی هاوڵاتیان دەبێتەوە | ژمارەی دانیشتوان | رێژە % |
|---|---|---|---|
| 1 | بەرزی نرخ | 85 | 51.5 |
| 2 | نەبونی كاتی بەتاڵ | 20 | 12.1 |
| 3 | نەبونی شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبێل | 33 | 20 |
| 4 | نەبونی شوێنی دانیشتن | 13 | 7.8 |
| 5 | جەنجاڵی رێگەوبان | 14 | 8.4 |
| تێكرا | | 165 | 100 |

سەرچاوە:كاری توێژەر پشت بەست بە ئەنجامەكانی فۆڕمی راپرسی.

**شێوەی(5)ئەوكێشانەی رووبەڕوی هاوڵاتیان دەبنەوە لەكاتی سەردانی بۆ ناوەندە خۆشگوزەرانییەكان لەناوچەی لێكۆڵینەوە ساڵی 2021 ز**




سەرچاوە:كاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(16).


**5-وەرزە دڵخوازەكانی خۆشگوزەرانی:** زۆرترین هاوڵاتی لەوەرزی بەهار سەردانی ناوەندە خۆشگوزەرانییەكان دەكەن كەژمارەیان(114)كەسە رێژەكەی(69%)ی كۆی گشتی نمونەكەیەهۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەم وەرزەدا دیمەنی سروشت جوانترین دیمەن دەبەخشێت گژوگیا سەوز دەبێت هاوڵاتیان بەگشتی سەردانی ناوەندە خۆشگوزەرانییەكان دەكەن، خشتەی(17)و شێوەی(6).

**خشتەی(17)وەرزە دڵخوازەكانی خۆشگوزەرانی لە شاری دوكان ساڵی 2021 ز**

| ژمارە | وەرزەكان | ژمارەی هاوڵاتیان | رێژە % |
|---|---|---|---|
| 1 | بەهار | 114 | 69 |
| 2 | هاوین | 18 | 10.9 |
| 3 | زستان | 7 | 4.2 |
| 4 | پایز | 26 | 15.7 |
| تێكرا | | 165 | 100 |

سەرچاوە:كاری توێژەر پشت بەست بە ئەنجامەكانی فۆڕمی راپرسی.

**شێوەی(6)وەرزە دڵخوازەکانی خۆشگوزەرانی لە شاری دوکان ساڵی 2021 ز**




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی(17).

بەپلەی دووەم وەرزی پایزە کە ژمارەی ئەوانەی لەم وەرزە سەردانی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان دەکەن(26)کەسن ڕێژەکەی دەگاتە(15.7%) کەتارادەیەک لەم وەرزەدا ئاووهەوا گونجاوە بۆ سەردانی کردن وجێژ بینین، بەڵام لەوەرزی زستان وهاوین ژمارەکەم دەبێتەوە لەوەرزی هاوین ژمارەکە دەگاتە(18)کەس کە(10.9%)ی کۆی ڕێژەی نمونەکە پێک دێنێت، ئەم ژمارەیە لەوەرزی زستان دادەبەزێت بۆ(7)کەس وریژەی(4.2%)ی کۆی گشتی نمونەکە هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لەم وەرزەدا دادەخرێت وەک هەوارگەوکەپرەکان وسەربەنداوەکەوناوچەی کراوە خەڵکی ئارەزویان نییە تا سەردانی بکەن.


**6-ئەوخزمەتگوزاریانەی کە خێزان ئارەزوی سەردانیکردنیان هەیە:**یَکۆڵینەوە لەو خزمەتگوزاریانەی کە خێزان وتاک ئارەزوی سەردانی کردنیان هەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە دەتوانرێت لەم ڕێگەیەوە پێویستی دانیشتوان بۆ خزمەتگوزاریە خۆشگوزەرانییەکان بزانرێت وگرنگی زیاتر بەو خزمەتگوزاریانە بدرێت کەدانیشتوان زیاتر ئارەزوی سەردانیکردنیان هەیە، خشتەی(18)وشیوەی(7).

**خشتەی(18)ئەوخزمەتگوزاریانەی خێزان ئارەزوی سەردانیکردنیان هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی 2021ز**

| ژمارە | خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیەکان | ژمارەی دانیستوان | ڕێژە % | ژمارە | خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیەکان | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | چایخانەو قاوەخانەکان | 8 | 4.8 | 6 | گازینۆکان | 3 | 1.8 |
| 2 | چێشتخانەکان | 24 | 14.5 | 7 | ناوچەی کراوە | 22 | 13.3 |
| 3 | هەوارگەوکەپرەکان | 30 | 18.1 | 8 | کەنار ڕوبار ودەریاچەکە | 30 | 18.1 |
| 4 | هۆڵی لەشجوانی | 12 | 7.2 | 9 | یارگای تۆپی پێ | 15 | 9 |
| 5 | باخچەکان | 21 | 12.7 | تێکرا | | 165 | 100 |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە ئەنجامەکانی فۆرمی ڕاپرسی.

**شێوەی(7)ئەوخزمەتگوزاریانەی خێزان ئارەزوی سەردانیکردنیان هەیە لە ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی 2021 ز**




سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(18).

زۆرترین ژمارەی خێزانەکان کە ئارەزوی سەردانی کردنیان هەیە (30)کەسە وڕێژەی(18.1%)ی کۆی گشتی نمونەکەیە بریتیە لە سەردانی کردنی کەنار ڕوبار ودەریاچەکە وهەوارگەو کەپرەکان کەئەم ناوەندە خۆشگوزەرانییە بەناوچەیەکی خۆشگوزەرانی گرنگ دادەنرێت لە شارەکە کە دانیشتوان لەم ناوچانە ئاسودە دەبن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەئەم ناوچانە ناوچەیەکی گشتین جێگای تایبەتی خێزان لەم ناوچانە هەیە لەلایەکی تریش کەنار دەریاچەکە ناوچەیەکی کراوەیە تێچوی سەردانیکردنی نییە لەگەڵ ئەوەش خاوەن کەنارێکی ڕوبەرفراوانە کە خێزانەکان دەتوانن بەئاسودەیی پشو بدەن، کەمترین ژمارەش کە خێزانەکان ئارەزوی سەردانیکردنیان هەیە بریتیە لە گازینۆکان کە ژمارەکە(3)خێزانە کەدەکاتە(1.8٥)ی کۆی گشتی نمونەکە لەدوا ئەمیش چایخانە وقاوەخانەکانە کە ژمارەکە(8)خێزانن ڕێژەکەی(4.8%)ی کۆی گشتی.

**سێیەم/ شیکردنەوەی هاوکێشەی پەیوەندی لەنێوان ژمارەی دانیشتوان وخزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی:**

ئەم هاوکێشەیە پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو دیاری دەکات، هاوکێشەکە لەنێوان(1+ و1-)دەبێت، ئەگەر هاتوو بەهای هاوکێشەکە یەکسان بێت بە(1+)واتە پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بەهێزە،کاتێک بەهای هاوکێشەکە یەکسان بێت بەسفر ئەوا پەیوەندی نییە، کاتێک یەکسان بێت بە(1-)ئەوا پەیوەندیەکی پێچەوانەی لاوازە،خشتەی(32)، باوترین هاوکێشە بەکارکە بەکار بێت ئەم هاوکێشەیەی خوارەوەیە:

لەکاتێکدا

$$r = \frac{n(\Sigma xy) - (\Sigma x)(\Sigma y)}{\sqrt{[n\Sigma x^2 - (\Sigma x)^2][n\Sigma y^2 - (\Sigma y)^2]}}$$

(R) بەمانای هاوکێشەی پەویوەندی پێرسون دێت،

(X)بەواتای بەهای ژمارەی دانیشتوان دێت،

(Y)بەواتای بەهای خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دێت

(ابراهیم و سلیمان،1995: 113).

**خشتەی(32)شیکرنەوەی واتای هێزو ئاراستەی هاوکێشەی پەیوەندی**

| بەهای هاوکێشەی پەیوەندی | هێزی پەیوەندیەکە | ئاراستە |
|---|---|---|
| **1+** | بەهێزی تەواو | ڕاستەوانە |
| **لە(0.90 بۆ 0.99)+** | زۆر بەهێز | ڕاستەوانە |
| **لە(0.70 بۆ 0.89)+** | بەهێز | ڕاستەوانە |
| **لە(0.50 بۆ 0.69)+** | مامناوەند | ڕاستەوانە |
| **لە(0.30 بۆ 0.49)+** | لاوازە | ڕاستەوانە |
| **لە(0.01 بۆ0.29)+** | زۆر لاوازە | ڕاستەوانە |
| **سفر** | نییە | ----- |
| **لە(0.01 بۆ0.29)-** | زۆر لاوازە | پێچەوانە |
| **لە(0.30 بۆ 0.49)-** | لاوازە | پێچەوانە |
| **لە(0.50 بۆ 0.69)-** | مامناوەند | پێچەوانە |
| **لە(0.70 بۆ 0.89)-** | بەهیز | پێچەوانە |
| **لە(0.90 بۆ 0.99)-** | زۆر بەهێز | پێچەوانە |
| **1-** | بەهێزی تەواو | پێچەوانە |

سەرچاوە:(کنجو،2000: 110).

بەسەرنجدان بەخشتەی(33)شیکردنەوەی هاوکێشەی پەیوەندی لەناوچەی لێکۆڵینەوە لە نێوان گۆڕاوەکان دەردەکەوێت کە پەیوەندی لەنێوان گۆڕاوەکان بەگشتی پەیوەندیەکی ڕاستەوانەن وزۆربەشیان پەیوەندیەکەیان بەهێزە، پەیوەندی نێوان دانیشتوان و(چایخانەو قاوەخانەکان، هەوارگەو کۆمەڵگەشتیارییەکان، ئوتێل ومۆتێلەکان، کەنار ڕوبەرە ئاویەکان وپردەکان)پەیوەندیەکی زۆربەهێزی ڕاستەوانەیە بەم شێوەیە(0.98 و 0.91 و 0.90 و 0.95)، (باخچەکان وناوەندە ڕۆشنبیرییەکان وچێشتخانەو شوێنەکانی ماسی برژاندن)پەیوەندیەکی بەهێزی ڕاستەوانەن بەم شێوەیە(0.71 و 0.82 و 0.71)، ئەوەی دەمێنێتەوە ناوندە وەرزشیەکانە کە پەیوەندییەکە(0.38)واتە پەیوەندیەکی لاوازی ڕاستەوانەیە، خشتەی(33).

**خشتەی(33)هاوکێشەی پەیوەندی لەنێوان ژمارەیدانیشتوان وناوەندە خۆشگوزەرانییەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە بۆ ساڵی 2021**

| ژ | خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی | هاوکێشەی پەیوەندی | ئاراستە |
|---|---|---|---|
| 1 | چایخانە وقاوەخانەکان | 0.98 | پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی ڕاستەوانەیە |
| 2 | باخچەکان | 0.71 | پەیوەندیەکی بەهێزی ڕاستەوانەیە |
| 3 | ناوەندە وەرزشییەکان | 0.38 | پەیوەندیەکی لاوازی ڕاستەوانەیە |
| 4 | ناوەندە رۆشنبیریەکان | 0.82 | پەیوەندیەکی بەهێزی ڕاستەوانەیە |
| 5 | هەوارگەو کۆمەڵگەشتیارییەکان | 0.91 | پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی ڕاستەوانەیە |
| 6 | ئوتێل ومۆتێلەکان | 0.90 | پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی ڕاستەوانەیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 7 | کەنار ڕوبار ودەریاچە وپردەکان | 0.95 | پەیوەندیەکی زۆر بەهێزی ڕاستەوانەیە |
| 8 | چێشتخانەکان وشوێنەکانی برژاندنی ماسی | 0.71 | پەیوەندیەکی بەهێزی ڕاستەوانەیە |

سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بە بەرنامەی(SPSS)وخشتەی(32).

## ئەنجام

لەکۆتایی توێژینەوەکە گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1-خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان بەشێوەیەکی نارێک دابەشبوون بەسەر گەڕەکەکانی شاری دوکان، بەجۆرێک کە زۆرینەی گەڕەکەکانی شار هیچ ناوەندێکی خۆشگوزەرانی لێ نییە.

2-لە(61.9%)ی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان دەکەونە سنوری گەڕەکی(سەرچەم وقەمچوغە).

3-هەوارگەو کۆمەڵگا گەشتیارییەکان زۆرترین ژمارەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان پێک دێنن لە شاری دوکان.

4-ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان ئەوانەی بوونیان هەیە لە شارەکە جگە لە(ئوتێل ومۆتێلەکان) ئەوانی تر سەرجەمیان کەم وکورتیان لەڕوبەری تەرخانکراوی ناوەندەکە هەیە.

5-ڕوبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەئێستادا (90649م$^2$)و پێویستی لەئیستادا(194930م$^2$).

6-بەشێک لەخزمەتگوزارییە گرنگەکان کەڕۆڵی هەیە لە باشبونی بارودۆخی ئابوری شار لەم شارە بونی نییە وەک(پارک وشاری یاری وسەنتەری چالاکی گەنجان).

7-زۆرینەی ناوەندە خۆشگوزەرانییەکان خاوەندارێتی تاکەکسییە، واتە داهات لەپێناو بەرژەوەندی گشتی سودی لیوەرناگیرێت.

## ڕاسپاردەکان

1-دابینکردنی ڕوبەری پێوست بۆ خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانییەکان وفراوانکردنی ڕوبەری ئەو ناوەندە خۆشگوزەرانیانەی کەکێشەی کەمی ڕوبەریان هەیە وناتوانن وەک پێویست خزمەت بکەن.

2-جێبەجێکردنی پرۆژە خۆشگوزەرانییەکان ودابەشکردنیان بەپێی پلانێکی گونجاو بەسەر سەرجەم گەڕەکەکانی شاردا بەتایبەت ئەو گەڕەکانەی کەهیچ ناوەندێکی خۆشگوزەرانی تێدا نییە.

3-خاوەندارێتی پرۆژە خۆشگوزەرانییەکان لەخاوەندارێتی تاکەکەسەوە بگواسترێتەوە بۆ خاوەندارێتی دەوڵەت وداهاتەکەی بۆخزمەتی شارەکەودانیشتوانی شارەکە سودی لیوەربگیرێت.

4-ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارە ستراتیجییەکان وەک(پارک وشاری یاری)بەشێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو بەجۆرێک ڕۆڵی هەبێت لەبەرەو پێشبردنی شارەکە.

5-جێبەجێکردنی پلانی پەرەپێدانی پرۆژە خۆشگوزەرانییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە یان کەرتی تایبەت بەبەشداری پیکردنی دانیشتوانی شارەکەو بەلەبەرچاوگرتنی پاراستنی ژینگەو پارێزگاری کردن لەدەرامەتە سروشتییەکان وبەفیڕۆنەدانیان.

6-یەکێک لەگرنگترین دەرامەتە سروشتییەکان لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بریتیە لە دەرامەتی ئاو کە ئەم شارە دەوڵەمەندە بەسەرچاوە ئاوییەکان بەهەموو جۆرەکانییەوە بەڵام وەک پیویست سود لەم دەرامەتە وەرنەگیراوە، بۆیە دەکرێت باشترین وجوانترین پرۆژەی خۆشگوزەرانی لەسەر ئەم ڕوبەرە ئاویانە دابمەزرێنرێن.

7-سود وەرگرتن لە شوێنی جوگرافی شارەکە وایکردووە دڵخوازترین شاری گەشتیاری بێت بۆ دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی تری هەرێم وناوەندوباشوری عێراق، بۆیە دەتوانرێت سود لە توانستەکانی ئەم شارە وەربگیرێت ببێتە خۆشترین شاری خۆشگوزەرانی بۆ دانیشتوانەکەی وسەردانیکەرانی لەسەرانسەری عێراق.

## لیستی سەرچاوەکان


**1**-احمد، ئامانج جلال، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ توانستەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لەقەزای دوکان، نامەی ماستەر، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2015.

2مستەفا، ڕێباز لوقمان، توانستە جوگرافیەکانی پلاندانان و گەشەپێدانی گەشتو گوزار لە قەزای پێنجوێن بەبەکارهێنانی gis، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، 2016.

3-سلیم، شکور سلام، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ چالاکی گەشتوگوزاری ودەرهاویشتە ژینگەییەکانی لەقەزای دوکان، نامەی ماستەر، فاکەلتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2021.

4-عمر، لقمان وسو، توانستە جوگرافییە گەشت وگوزاریەکانی لەقەزای کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، 2006.

5- عەلی، خالید وەلی، دابەشبون وئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشاری کەلاردا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، ژمارە4، 2018.

6--حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، بەشی gis، 2021.

7-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری ئاماری دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی بۆ سالی 2019 پێشبینی گەشەی دانیشتوان بۆ سالی 2021، بلاو نەکراوە.

8- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، شارەوانییەکانی سلێمانی، بەڕیوبەررایەتی شارەوانی دوکان.

9- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزاررەتی تەندروستی، بەڕێوبەرایەتی تەندروستی دوکان، 2021.

10- ئیدریس، ئەنوەر تۆفیق: 2021/11/14، بەڕێوبەری ئۆتێل ئاشوری گەشتیاری.

11- حسێن، جاسم عباس: 2021/11/16، سەرپەرشتیاری مۆتێل شادی

12- عبدالرحمن، بێستون محمد: 2021/11/16سەرپەرشتیاری ئوتێل میراڵ.

13- احمد، بێستون نجم: 2020/11/8لێپسراوی کتێبخانەی گشتی دوکان.

14- سعید، شریف محمد: 2021/11/1خاوەنی چێشتخانەی کۆسرەتی نویێ.

15- حسن، رەحمان عبداللە:2021/11/1 خاوەنی چێشتخانەی میرسێ.
16- ئیسماعیل، هیوا محمد:2021/11/3خاوەنی چێشتخانەی خاڵە هیوا.
17- ئیسماعیل، باوان عبداللە:2021/11/4 کارمەندوخاوەنی پێشوی چێشتخانەی سارا خاتون.
18- عمر، ئیسماعیل علی:2021/11/4 خاوەنی چێشتخانەی سەرچەم.
19- ئەحمد، تەحسین عبد اللە:2021/11/5 کارمەندی چێشتخانەی ژێنواری کوردەواری.
20-حمەلاو، سەلام محمد: 2021/11/5یاریزان وسەرپەرشتیاری یاریگاکانی شاری دوکان.
21-ئەمین، هیوا محمد: 2021/12/12 راوچی وخاوەن زەورەق.
22-جەمال، عبداللە مامەمین: 2021/12/13 کرێکار لەکاتی دروستکردنی پردی دوکان، شارەزا لەناوچەکە.
23- بن غضبان، فؤاد، جغرافیه الخدمات، دار الیازوری العلمیه للنشر والتوزیع، الطبعه العربیه، عمان/لبنان، 2013.
24- محمد، خلیل اسماعیل، اقلیم کردستان عیراق(دراسات فی التکوین للسکان)، مطبعه اونیست کریستال، اربیل.
25-الراوی، عبدالناصر صبری شاهر، الاسس الجغرافیه لتخطیط المدن، دار صفاء للنشر والتوزیع، الطبع1، عمان، 2017.
26-ابراهیم وابو عمه، محمود محمد، عبدالرحمن بن محمد سلیمان، الاحصاء التطبیقی، قسم الاحصاء، مطبعه ملک سعود، ط2، جامحه ملک سعود، 1995.
27-کنجو، انس اسماعیل، الاحصاء والاحتمال، مطبعه العبیکان، ط1، 2000.
28-الخیکانی، علی عجیب وهیب، تقیم کفاءه الوظیفیه الترفیهیه فی مدینه الناصریه، رساله ماجیستیر، کلیه التربیه، قسم الجغرافی، جامعه المیسان ، 2020.
29-الزهیری، عمار عبدالجبار دایش، واقع الخدمات الترفیهیه فی المدینه البصره وسبل تنمیتها(دراسه فی الجغرافیه المدن)، رساله ماجستیر، کلیه الاداب، جامعه البصره، 2006.
30-الحدیثی، عباس غالی داود، خدمات الترفیهیه لسکان البصره، رساله ماجستیر، کلیه الاداب، جامعه بغداد، 1983.
31- الحلفی، نور جواد عبداللە، تقویم کفاءه الخدمات الترفیهیه فی المدینه النجف للمده 2003-2013، رساله ماجستیر، کلیه الاداب، جامعه الکوفه، 2014.
32-الشربینی، محمد احمد، عماره وعمران المناطق المحلیه علی مسطحات المائیه، رساله ماجستیر، کلیه الهندسه بشیرا، جامعه بنها، 2009.
33- العانی، براء کامل عبدالرزاق، التوزیع المکانی للخدمات المجتمعیه فی مدینه الرمادی، اطروحه دکتوراه، جامعه بغداد، کلیه الاداب، 2011.
34-العامری، رافد موسی عبد حسون، الملائمه المکانیه للخدمات المجتمعیه فی المدینه الدیوانیه وتوقعاتها المستقبله، اطروحه دکتورا، کلیه التربیه للبنیات، جامعه الکوفه، 2014.
35-یاسین، علاءالدین طههاء، واقع المکتبات العامه فی المحافظه البصره، مجله دراسات البصره، عدد18، 2014.
36-المحمدی، نظیر صبار حمد، التحلیل المکانی للخدمات الترویحیه فی المدینه هیت(دراسه المیدانیه)، مجله جامحه الانبار للعلوم الانسانیه، قسم الجغرافیا، العدد الثالث، 2010.